# شۆڕش وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی لە ڕوانگەی (هانا ئارێنت)دا

**د.عابد خالد رسول***  **مبارک عزيز حمد****

وشە کلیلییەکان: شۆڕش، ئازادی سیاسی، پانتایی گشتی، کردە و وتە، هانا ئارێنت.
https://doi.org/10.31271/jopss.10044

**پوختەی توێژینەوە:**

چەمکی ئازادی لە ڕوانگەی فەلسەفەی سیاسی و تیۆری (ئارێنت)دا پێگە و بایەخێکی تایبەتی هەیە، کە لە میانەی تێهزرینی (ئارێنت) لە ئەزموونی سیاسی یۆنان و ڕۆمانی کۆن، ڕەخنەی لە دیدی هزری فەیلەسوفانی کۆن، فەلسەفەی مەسیحی، نەریتی فەلسەفی ڕۆژئاوا، تیۆرە سیاسی و دیاردە مۆدێرنەکان لەمەڕ چەمکی ئازادی تیۆریزە بووە. ئازادی لای (ئارێنت) وێنای فەلسەفی بۆ ئازادی تێدەپەڕێنت، هەموو باوەڕە میتافیزیکییەکان سەبارەت بەو چەمکە بەلاوە دەنێت، ئازادیی فەلسەفی وەک ئازادیی ئیرادە تەنیا بە هەستێکی ناوەکی دوور لە جیهانی واقیعی سیاسی وێنا دەکات. لە بەرامبەردا (ئارێنت) کردە و وتە وەک چالاکیی ئازادیی سیاسی دەبینێ کە لە میانەی کۆبوونەوەی تاکەکان لە پانتایی گشتیدا لەهەمبەر کێشە و پرسە گشتییەکان دێتە ئاراوە. لەو میانەشدا شۆڕش وەک کایەیەک یان پانتاییەکی گشتی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا بایەخێکی زۆری هەیە و لە تیۆرە سیاسییەکەیدا بەتایبەت لەسەر شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەڕەنسا وەستاوە. بەم پێیەش ئامانج لەم توێژینەوەیەدا وڵامدانەوە و چارەسەرکردنی کێشەی سەرەکی توێژینەوەکەیە لە میانەی ئەو پرسیارەی: ئایا ڕۆڵی شۆڕش وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی لە تیۆری سیاسی ئارێنت دا چییە؟ گەیشتووین بەو دەرئەنجامەی: کە شۆڕش وەک کایەیەک لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا، دامەزراندنی دەستپێکێکی نوێ و پانتاییە گشتییەکانی پیادەکردنی ئازادیی سیاسییە، کە تێیدا پەیوەندی و گفتوگۆی ئازادانە و ئاڵوگۆری ڕای جیاواز لەنێوان تاکە یەکسانەکان فەراهەم بێت و بەشداریی سیاسی هاوڵاتیان تێیدا مسۆگەر بێت.

**ملخص البحث:**

**الثورة كمجال لممارسة الحرية السياسية من في منظور (حنّة أرندت)**

يحتل مفهوم الحرية في منظور (أرندت) الفلسفية ونظريتها السياسية مكانة وأهمية خاصة، إذ من خلال تفكيرها في التجربة السياسية اليونانية والرومانية القديمة، إنتقدت الرؤى الفكرية التي قدمها

* پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی، بەڕێوەبەری بەشی ئاسایش وسیاسەتی گشتی لە سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی: abid.rasul@centerfs.org abid.rasul@univsul.edu.iq

** خوێندکاری ماستەر لە کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان/زانکۆی سلێمانی mubarak.hamad@univsul.edu.iq

الفلاسفة القدماء، الفلسفة المسيحية، التقاليد الفلسفية الغربية، النظرية السياسية الحديثة والظواهر المعاصرة حول مفهوم الحرية. مفهوم الحرية لدى (أرندت) يتجاوز التصور الفلسفي للحرية، وتنحى جانبا كل الاعتقادات الميتافيزيقية بشأن هذا المفهوم، لأن الحرية الفلسفية عندما تصف هذا المفهوم كمجرد حرية الإرادة فإنها تصور الحرية كشعور داخلي بعيد عن العالم الواقعي السياسي فحسب. وفي المقابل ترى (أرندت) الفعل والكلام كنشاط الحرية السياسية، التي تظهر من خلال إجتماعات الأفراد في الفضاء العمومي للتداول بشأن المشاكل والقضايا العامة. وفي هذا الاطار تمتلك الثورة أهمية كبيرة من منظور (أرندت) كمجال أو فضاء عمومي للممارسة الحرية السياسية وخصصت في نظريتها السياسية حيزا واسعا للثورتين الأمريكية والفرنسية؛ ووفقاً لذلك يهدف هذا البحث معالجة إشكالية رئيسية تدور حول التسائل التالي: ما دور الثورة في نظرية (أرندت) السياسية كمجال لممارسة الحرية السياسية؟ وقد توصلنا إلى نتيجة مفادها: ان الثورة من منظور (أرندت) هي مجال يمهد لبداية جديدة كما يؤسس فضاءات عمومية لممارسة الحرية السياسية، إذ توجد فيها علاقات حرة وحوار حر وتبادل لآراء مختلفة بين الأفراد على قدم المساواة وتضمن فيها المشاراكة السياسية للمواطنين ايضا.

**Abstract:**

**Revolution as an Arena of Practicing Political Freedom in (Hanna Arendt)'s Perspective**

Freedom concept in the perspective of (Arendt)'s political philosophy and theory has a place and a special important, that in the way of (Arendt)'s thinking in political appearance's Greece and Romanian ancient, criticism in the ancient philosophy about view, cristian philosophy, westerns philosophy custom, political theory and moderns phenomenon concerning freedom concept formalized. (Arendt)'s freedom passes the philosophical picture to freedom, all beliefs metaphisics about this concept are neglected, philosophical freedom as will freedom is pictured far from inner feeling in the political really world. In the opposite, (Arendt) sees action and speech as political freedom activity in the way individuals meeting in the public sphere is produced in the opposite problem and general issues. In this way, revolution as an arena, or public sphere in the doing politica freedom has crucial importance in the Arendt's perspective, and in here political theory especially about American and French revolution has stood; in this way, the aim of this research is to answer and deal research main problem in the way of this question: what is the act of the revolution as arena in doing political freedom in Arendt political theory? We can to the conclution that revolution is like an arena in Arendt's perspective, so new beginning foundation and public sphere of doing political freedom, which in it relation, discussion, and exchanging different opinion among equal individuals should provide, and participation of political citizenship afford in it.

## بەرایی

گـرنگترین ڕۆڵـی شـۆڕش کـردنەوەی دەسـتپێکێکی نـوێیە لە مێـژوودا، خواسـتی کـۆمەڵایەتی و شیمانەکردنی ئازادکردنی تاکەکان لە پێداویستی (هەژاری) دەبێتە هۆی ئەوەی کە شۆڕش لە ئامـانجی ڕاستینەی خۆی لابدات و کۆمەڵگە لە نەداری و هەژاری بەرەو نائارامی و توندوتیژی و جەنگ ببات، لەم گۆشەنیگایەوە ئارێنت جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەبێت ئامانج لە شـۆڕش دامەزرانـدنی دەستپێکێکی نوێ و پانتاییەکی گشتی بێت کە تێیدا دەستەبەری پیادەکردنی ئازادیی سیاسی تاکەکـان بە یەکسانی بکات. بۆ ئەمەش هەوڵی شیکردنەوەی واتـا و ئاماژەکـانی کـایەی شۆڕشـمان لە ڕوانـگەی (ئارێنت) داوە، سەرەتا هەوڵ دراوە کۆڵێنکاری ڕوانگەی (ئارێنت) بۆ چەمکی ئازادی بکرێت، تـا لەو میانەوە باشتر لە ڕایەڵە و توخمەکانی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی لە ڕێگەی شۆڕشەوە تێبگەین.

### کێشەی توێژینەوەکە:

کێشـەی بـنەڕەتی تـوێژینەوەکە لە ڕێـگەی ئەو پرسـیارە سـەرەکییەوە هەوڵـی وڵامـدانەوە و چارەسەرکردنی دراوە: ئایا ڕۆڵی شۆڕش وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئـازادیی سـیاسی لە تیـۆری سـیاسی ئارێنت دا چییە؟ لە پێناوی گەیشتن لە وڵامی ئەو پرسیارە پێویستە وڵامی چەند پرسیارێکی لاوەکـیش بدەینەوە، لەوانە:

ڕەهەندەکانی چەمکی ئازادی لای (ئارێنت) چین؟ کردەی ئازادیی سیاسی چییە؟ کـایە و پانتـایی ئەو کردەیە کوێیە؟ پێگەی تاک لەو نێوەندەدا چییە؟ جیاوازی بۆچوونی (ئارێنـت) لەهەمـبەر ئـازادی چییە و لە چی دایە؟

### گریمانەی توێژینەوەکە:

بۆ وەڵامدانەوەی پرسیاری سـەرەکی و پرسـیاری دیـکە، تـوێژینەوەکە لەو گـریمانەیەوە دەسـت پێدەکات، کە پێیـوایە "جەوهەری کـایەی شـۆڕش لە ڕوانـگەی (ئارێنـت)دا، دامەزرانـدنی بونیـادێکی سـیاسی نـوێ و ئـازادییە، واتە هێنانەکـایەی ناوەنـدێکی نـوێی حکـومەتی؛ ئەوەی شۆڕشـیش لە گۆڕانگارییەکانی تر جیادەکاتەوە، ئامانجەکەیەتی، کە بە دامەزراندنی ئازادیی سیاسی کۆتـایی دێـت". " هەروەها چەمکی ئازادی لە دیدی (ئارێنـت) دا واتـا و خەسـڵەتێکی سـیاسی هەیە، تـا ڕادەی ئەوەی بەبێ بەشداریکردنی هاوبەشی تاکەکان لە ژیانی گشتیدا ناتوانین وێنەی ئازادی بکەین".

### ئامانجی توێژینەوەکە:

لەمیانەی شیکردنەوەی ڕوانگەی ئارێنت لەمەڕ چەمکی ئازادی بەگشتی و شۆڕش بەتایبەتی، ئەم توێژینەوەیە دەیەوێت بە چەند ئامانجێک بگات، لەوانە:

- تێگەیشتن لە واتای دیاردەی شۆڕش لای (ئارێنت) وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی.
- ئاشـنابوون بە ڕوانـگەی (ئارێنـت) لەمەڕ ڕەهەنـدەکانی چەمکـی ئـازادی و تێگەیشـتن لە کاریگەرییەکانی ئەو چەمکە لەسەر ژیانی ساسی لە کۆمەڵگەدا.

**گرنگی توێژینەوەکە:**

گرنگی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە، کە چەمکی شۆڕش لای (ئارێنت) واتایەکی تەواو تایبەتی هەیە، و پەیوەندییەکی یەکانگیری لەگەڵ ئازادیی سیاسیدا هەیە، سەرباری لێکدانەوە و تێروانینی جیاوازی ئارێنت بۆ چەمکی ئازادی، بەوەی پەی بە لایەنێکی تر لە ئازادی بردوە، کە جیاوازە لە ئازادی فەلسەفی و ئازادیی تاکەکەسی. هەروەها دەشێ ئەم توێژینەوەیە ببێتە بنەمایەکی زانستی و بابەتی بۆ ئەوانەی بایەخ بە پرسی شۆڕشی سیاسی دەدەن.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لە پێناو شیکردنەوەی گریمانە پێشوەختەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی توێژینەوەکە، پشتمان بە (چەند) ڕێبازێکی سەرەکی زانستی و نزیککردنەوە بەستووە، بۆیە لەلایەکەوە میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک (**المنهج التحليلي- المضمون**)مان بەکار هێناوە بە مەبەستی شیکردنەوە و کۆڵێنکاری چییەتی و ڕەهەندەکانی چەمکی ئازادی و دیاردەی شۆڕش لای (ئارێنت)، لەلایەکی دیکەوە بە مەبەستی تێگەیشتن لە دیدی ڕەخنەیانەی ئارێنت بۆ وێنای فەلسەفیانەی چەمکی ئازادی، پشتمان بەستووە بە میتۆدی ڕەخنەی فەلسەفی (**النقد الفلسفي**). هەروەها هەر یەک لە ڕێبازەکانی نزیککرنەوەی (**مێژوویی، وەسفی** و **دیاردەناسی**)شمان بەکارهێناوە.

**پەیکەربەندی توێژینەوەکە:**

ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو باسدا دابەش کراوە: لە باسی یەکەمدا، تێگەیشتنی (ئارێنت) لەمەڕ چەمکی ئازادی شیکراوەتەوە، کە دوو تەوەرە لەخۆ دەگرێت؛ تەوەرەی یەکەم تەرخانکراوە بۆ دیدی (ئاڕێنت) لەمەڕ وێنای فەلسەفی بۆ چەمکی ئازادی، لە تەوەرەی دووەمیشدا، ڕوانگەی سیاسی (ئارێنت) بۆ چەمکی ئازادی باسکراوە. باسی دووەمیش تایبەتکراوە بە شۆڕش وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا، کە تێیدا لە دوو تەوەرەدا، توخمەکانی ڕۆحی شۆڕش و ئامانجەکەی، و شۆڕشی ئەمریکا و فەڕەنسا لە دیدی (ئارێنت)دا خراوەتەڕوو.

## باسی یەکەم:
## تێگەیشتنی (ئارێنت) لە چەمکی ئازادی

(هانا ئارێنت١٩٠٦- ١٩٧٥) خانمە تیۆرسێنی سیاسی ئەمریکی بە ڕەگەز ئەڵمانی کاتێک لە تیۆرەکەیدا باسی ئازادی دەکات، دیدی خۆی لەمەڕ وێنای فەلسەفی بۆ ئازادی دەخاتەڕوو، پاشان دێتە سەر ڕوانگەی تایبەتی خۆی بۆ ئەو چەمکە، بەم شێوەیە:

### تەوەرەی یەکەم: دیدی (ئارێنت) لەمەڕ وێنای فەلسەفی بۆ چەمکی ئازادی

بە بۆچوونی (ئارێنت) لە پرسیاری سیاسەتدا، کێشەی ئازادی یەکلاکەرەوەیە، لە بەرژەوەندی هیچ تیۆرێکی سیاسیدا نییە، گرنگی بە تێروانینە هزری و فەلسەفییەکان نەدات سەبارەت بە چەمکی ئازادی، پێودانگی ئەو دیالیکتیکەش، ئەوەیە کە دیاردەی ئازادی هەرگیز لە جیهانی هزر بە دیار ناکەوێت؛ ئەو دیالۆگەی لەنێوان من و خودی خۆمدا لە میانەی پرسیارە فەلسەفییەکان دەردەکەون، ئازادی و دژەکەی ئەزموون نەکردووە، بەمەش بیرۆکەی ئازادی ڕاستەقینە، بەو شێوەیەی کە لە ئەزموونی مرۆیی بەدیار دەکەوێت ساختەکاری تێدا کراوە، چونکە لەسەرزەمینە ڕەسەنەکەی، واتە لە جیهانی سیاسەت و کاروباری گشتی بۆ سەرزەمینی ناوەکی دەگوێزرێتەوە، سەرچاوەی ئەمەش نەریتی فەلسەفییە[١]. بۆیە (ئارێنت) لە سێ سەردەمی جیاوازدا لێکۆڵینەوە لە زاراوەی ئازادی چییە؟ دەکات؛ ئەوانیش بریتین لە: هزری یۆنانی کۆن، فەلسەفەی مەسیحییەت و سەردەمی مۆدێرنە[٢].

بەڕای (ئارێنت) وێنای فەلسەفی بۆ ئازادی، وەک ئەوەی یەکەم جار لە سەردەمی کۆندا دەرکەوت، ئازادی تێدا بەشێوەیەک نەخشێندرا، کە دیاردەیەکە لەو دیاردانەی کە مرۆڤ لە دەرەوەی جیهان بیر لە خۆی بکاتەوە؛ بۆ ئەمەش (ئارێنت) دەگەڕێتەوە بۆ نەریتی فەلسەفی لە هزری سیاسی کۆندا، کە بەشێوەیەکی ڕاشکاوانە بەپێچەوانەی دەوڵەت- شار و هاوڵاتیبوونییەوە دامەزراوە[٣]. چونکە جیهانی هاوبەش یان گشتی کە لەسەردەمی دەوڵەت- شاردا شوێنێک بووە بۆ پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئازادی؛ لەم ڕووەوە بە ڕای (ئارێنت) فەلسەفەی ئایدیالی (ئەفلاتوون٤٢٦- ٣٤٧پ.ز) هەوڵێک بوو بۆ بڕینی ئەم پەیوەندییە، بەوەی بیرۆکەی ئازادی لە جیهانی ڕاستینەوە بۆ جیهانی ناوەکی یان جیهانی پیرۆز گواستەوە، و ئازادی کردە بیرۆکەیەکی ئایدیالی و ئەم بیرۆکەیەشی نزم کردەوە بۆ شوێنێک کە مرۆڤەکان نەتوانن بەیەکەوە چێژی لێوەرگرن؛ ئازادی کورت کردەوە بۆ ژیانی بیرکەرەوانە و ئیرادەی کەسیی، ئەمەش دەبێتە بەربەست لە بەردەم دەرککردنی ئازادی لە چوارچێوەی جیهانی کردەییدا[٤].

---

[١] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، ت: عبدالرحمن بنشاق، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٤، ص ص٢٠٣-٢٠٤.

[2] Mehmet Kanatli, the concept of freedom in Hannah Arendt's political thought, Journal of Current Research on Social Sciences, Volume: 7, Issue: 2, Without Copyrighting place, 2017, p. 105.

[٣] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢١٨-٢١٩.

[4] Mehmet Kanatli, Op.cit, p p. 105-106.

هەروەها (ئارێنت) بە شێوەیەکی ڕەخنەیی ڕانان بۆ چەمکی ئازادی لە دیدی (هەیوانییەکان- الرواقية) دەکات، بەتایبەت لای (ئەپیکتاتوس٥٥- ١٢٥- ز)، کە لە پێناسەی ئازادیدا دەڵێت: "ئازاد ئەو کەسەیە کە بە خواستی خۆی دەژی" و تەنیا کاتێک ئازاد دەبێت، کە خۆی لەسەر ئەوەی لەژێر هێزی دایە، سنوردار بکات و پێ نەنێتە جیهانێکەوە کە ڕەنگە بەربەست لەسەر ڕێگەی دابنێت[١]. ئەمەش بەڕای (ئارێنت) تەنیا گوزارشتە لەوەی کە مرۆڤ ئازاد بێت لە حەزوو و ئارەزووەکانی، بۆیە ئازادی (ئەپیکتاتوس) شتێک نییە جگەلە دارمانی تێگەیشتنە سیاسییە کۆنە باوەکان بۆ ئازادی، کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانیدا ڕوویدا، کە بەپێی ئەم تێگەیشتنە کۆنە، مرۆڤ ئازاد نابێت تەنها مەگەر شوێنێک یان خانوویەکی هەبێت لەم دونیایەدا[٢].

تەنانەت (ئەپیکتاتۆس) گەیشت بەوەی کە بڵێت: "کۆیلەیەکیش دەتوانێ ئازاد بێت، گرنگ ئەوەیە باوەڕی بە دوورەپەرێزی و تەنیایی هەبێت"[٣]. بەڕای (ئارێنت) لێرەوە ئازادی وەرگۆڕا بۆ تەنها هەڵبژاردنێکی خودی یان هەستێکی ناوەکی بەوەی توانای هەڵبژاردنی هەیە لەنێوان کۆمەڵێک کردەدا بەبێ زۆرلێکردنی ناوەکی، بەمەش ئازادی فەلسەفی، میتافیزیک تێناپەڕێنێت و لەناو خوددا بەند دەکرێت دوور لە کارلێک کردن لەگەڵ ئەوانی دیکەدا، و ئازادی کورت دەبێتەوە لە گوزارەی "من دەمەوێت، کەواتە من ئازادم" ئەوەش واتای ئەوە دەگەیەنێ کە ئازادی تاک تەنها گرێدراوە بەو کردانەوە کە لە سنووری ملکەچی ئیرادەی خۆی دان. هەرچۆنێک بێت بادانەوەی ئازادی بەرەو شوناس لەگەڵ ئیرادەدا بە بۆچوونی (ئارێنت) لەگەڵ (قەشە ئۆگستین٣٥٤- ٤٤٠) دەست پێدەکات[٤].

واتە بەڕای (ئارێنت)، تەنیا کاتێک چەمکی ئازادی چووە ناو مێژووی فەلسەفەوە کە پێشینانی مەسیحی، بەتایبەت (ئۆگستین)، جۆرێک لە ئازادییان ئاشکرا کرد، پەیوەندی لەگەڵ ئازادی سیاسی نەبوو، واتە کاتێک ئازادی وەک شتێک لە پەیوەندی نێوان خۆم و خودی خۆم، لە دەرەوەی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی ئەزموون کرا، بووە یەکێک لە گەورەترین کێشەکانی فەلسەفە؛ ئازادی ئیرادە و ئازادی چەمکەکان بوون بە هاوواتا و ئازادی لە تەنیایی تەواودا ئەزموون کرا، بەجۆرێک کاتێک لەگەڵ خۆمدا لە خەڵوەتم، کەس ناتوانێت ئەو تۆفانەی بەڕوومدا هەڵدەکات هێورم بکاتەوە. ئەگەرچی (ئارێنت) پێیوایە، سەردەمە دێرینەکان دیاردەی تەنیاییان ئەزموون کردووە و باش پەیان بەوە بردووە، مرۆڤ لە تەنیاییدا یەک کەس نییە، بەڵکو دەبێتە دوو کەس لە یەک کاتدا، جا ئەو ئەزموونکردنە چ لەسەر فۆڕمی ئاخاوتن لەگەڵ خۆیدا بێت، کە لە سەردەمی (سوقراتەوە٤٦٩- ٣٩٩پ.ز) پێی دەڵێن هزر، یان لە ململانێ لەگەڵ خود، واتە ململانێی ناوەکی لەنێوان چی بکەم و دەمەوێت چی بکەم، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تەنیاییە ناهەموارەکەی (ئۆگستین) لەنێو خودی ڕۆحدا

[١] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی- سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ل١٣-١٤.

[٢] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠٦-٢٠٧.

[3] Quoted from: Mehmet Kanatli, Op.cit, p.106.

[٤] وەرگیراوە لە: حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، ت: نادرة السنوسي، دار الروافد الثقافية، ابن النديم للنشر- والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٧، ص١٠٧.

بەشێوەیەکی ڕەها نەزانراو بوو[١].

هەروەها بەڕای (ئارێنت) ئەزموونی (قەشە پۆڵس٥-٦٧ز)، جۆرێکە لە ئیفلیجبوونی ئیرادە، چونکە وەک ململانێیەکە لەنێوان "من دەمەوێت و من دەتوانم" یان ئەزموونێکە "من دەمەوێت و من ناتوانم" ئەمەش لە خودی خۆیدا بەڕای (ئارێنت)، ئیفلیجبوونی ئیرادەیە، چونکە لە ڕووی مێژوویەوە مرۆڤ ئەو کاتە ئیرادەی دۆزیەوە، کە لاوازی نەک بەهێزی ئەزموون کرد؛ ئەویش کاتێک بوو کە (پۆڵس) وتی: " من ئیرادەم هەیە، بەڵام نازانم چۆن چاکە ئەنجام بدەم"[٢]. بەڵام (ئارێنت) پێیوایە ڕاڤەی (ئۆگستین) ئەوەیە، کە دیاردەی ئیرادە لە بنچینەدا لە ئەزموونی "دەمەوێت و کردە ناکەم" خۆی دەرخست، واتە "من دەمەوێت، بەڵام ناتوانم" ئەمەش شتێک بوو بۆ سەردەمە کۆنەکان نەزانراو بوو، چونکە "من دەمەوێت و من دەتوانم" بە دڵنیاییەوە لای پێشینان زانراو بوو، لێرەدا (ئارێنت) نموونەی ئەوە دێنێتەوە، کە (ئەفلاتوون) پێداگری زۆری کردووە لەسەر ئەوەی تەنیا ئەوانەی زانیویانە فەرمانڕانی خۆیان بکەن مافی فەرمانڕانی ئەوانی دیان هەیە و مافی ئەوەشیان هەیە لە ئەرکی گوێڕایەڵی ببەخشرێن، بەمەش خۆ کۆنترۆڵ کردن وەک یەکێک لە فەزیلەتە تایبەتەکانی سیاسەت مایەوە[٣]. (ئارێنت) گەیشت بەوەی کە نەریتی مەسیحی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەی لە مێژووی کێشەی ئازادیدا گێڕاوە، چونکە بەشێوەیەکی نزیکەیی ئازادی بە واتای ئازادیی ئیرادە بەهرەیەکی نەزانراوی سەردەمە کۆنەکانە، لەبەر ئەوەی ئیرادە بەو شێوەیەی مەسیحییەت ئاشکرای کردووە، لەگەڵ توانا زانراوەکانی وەک ئارەزوو و بڕیار و خواستی ئامانجێک زۆر بەکەمی خاڵی هاوبەشی هەیە، چونکە کاتێک ململانێی لەگەڵ ئەو توانایانەدا کردووە تەنها بایەخدانی وروژاندووە. بۆیە دێرینەکان درکیان بەو جۆرە لە ئازادی نەبردووە؛ ئارێنت دەڵێت: بەدڵنیاییەوە ئەمەش کارێکی بەجێ نییە، بەڵام ئەگەر کەسێک بیەوێت ئەوە دوویات بکاتەوە، کە چەمکی ئازادی بەر لە (ئۆگستین) هیچ ڕۆڵێکی لە فەلسەفەدا وازی نەکردوە، ئەوا هۆی ئەم هەقیقەتە سەرنجراکێشە ئەوەیە، کە ئازادی لە سەردەمەکانی یۆنان و ڕۆمانیدا بەشێوەیەکی دیاریکراو چەمکێکی سیاسی بووە، بەدڵنیایشەوە جەوهەری دەوڵەت- شار و جەوهەری هاوڵاتیبوونی پێکهێناوە"[٤].

هەرچی سەبارەت بە سەردەمی نوێشە، بەڕای (ئارێنت) بێگانەیی ئازادی لە پانتایی سیاسەت درێژەی هەبوو، چونکە فەیلەسوفە نوێخوازەکان لەو باوەڕە دابوون مرۆڤایەتی بەبێ وەستان بەرەوە ڕزگاربوون هۆکارەکانی (هەژاری، نەخۆشی و چەوساندنەوە) دەڕوات و بە پاڵپشتی ئیرادەی خۆی هاندەدرێ بەرەو ئازادبوون لە هەموو ئەو شتانەی کە ڕێگە لە پێشکەوتنی دەگرن؛ بۆیە (ئارێنت) پێیوایە دواجار ئەم ئیرادەیە ون دەبێ، چونکە سەردەمی نوێ هەمیشە کراوەیە بەسەر ئەو

---

[١] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧-٤٠.

[2] Ilya Winham, Rereading Hannah Arendt's "What is Freedom?": Freedom as a Phenomenon of Political Virtuosity, A Journal of Social and political theory, Vol. 59, No 131, Berghahn Books, without copyrighting place, June 2012, p. 93.

[٣] هەمان سەرچاوە، ل ٤٠-٤١.

[٤] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٧-٣٨.

داهاتوودا کە هزر پێشبینی دەکات، بۆیە بەردەوام ئەم تێزە پاڵی پێوەدەنرا بەرەو ئەو کەماڵ بوونەی کە هزر نەخشەی بۆ کێشابوو. کەواتە، بەڕای (ئارێنت) لێرەوە ئیرادە سەرلەنوێ هاوپەیمانێتی لەگەڵ هزردا دەبەستێ، ئیرادە لەم هاوڕێکییە مێژوویی و هزرییەدا تەوەرەی ئەو دەستارەیە، کە لە خولگەیدا هەموو چەمکەکانی تر دەخولێنەوە، بەڵام سنووری فەلسەفی و سەرنجگەرایی تێنەپەڕاند، بەمەش لە سیاسەت دوور کەوتەوە[1].

کەواتە، بەپێی تێگەیشتنی (ئارێنت) ئەو ئازادییەی لەناو دەسەڵاتی خود بەسەر کردەکانیدا خۆی دەبنێتەوە، ئازادییەکی سیاسی نییە، چونکە وتەزای ئیرادە سەر بە سیاسەت نییە، بەوەی بوونی توانا لەسەر ڕەتکردنەوە یان سەلماندن پێویستی بە کارلێک کردن لەگەڵ ئەوانی دی نییە، بەڵکو کارلیکە لەگەڵ ئەنگیزە و هێزە ناوەکییەکانی تاک لەگەڵ خودی خۆیدا، واتە ئازادی ئیرادە لە بازنەی تایبەتی ناوەکی خود دەرناچێ، کە لە شێوەی جیهانێکی دابڕاو لە سیاسەت دایە[2]. بۆیە (ئارێنت) دەڵێت: ئەوانەی مەرجی ئەزموونی گشتییان لەدەست دا بە کوێی بیروڕای سەردەمە تازەکان و تەنانەت ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەهەمیش پێشمەرجی ئازادی بوو، واتە لەدەستدانی ئازادیی سیاسی لێکەوتەوە[3].

کەواتە، دەکرێت بگەین بەو دەرئەنجامەی، کە ئەو ئازادییەی لە ڕوانگەی هزری فەیلەسوفانی یۆنانی و ڕێبازی فەلسەفی مەسیحییەت لە سەدەکانی ناوەڕاست و لە هزری سەردەمی نوێدا هەبووە، ئادگارێکی ئیرادەی ناوەکی خودی هەڵگرتووە وەک ئازادییەکی میتافیزیکی دەردەکەوێت، کە لە دوو شیمانە زیاتر تێپەڕ ناکات؛ یان ئەوەتا مرۆڤ بوونەوەرێکی خاوەن ئیرادەیەکی ئازادە، یاخود نەخێر مرۆڤ خاوەن ئیرادەیەکی ئازاد نییە، واتە ئازادی ناوەکی مرۆڤ ئەوەیە، یان هەیەتی یان نییەتی، بوون و نەبوونی ئەو ئیرادە ئازادەش پەیوەستە بە ئەنگێزە ناوەکییەکان. ئازادیی ئیرادە، دوور لە جیهانی ڕاستەقینەی سیاسەتە و ناتوانێت لە جیهانی تاریکی ناوەکی مرۆڤ بێتە دەرەوە.

### تەوەرەی دووەم: ڕوانگەی سیاسی (ئارێنت) بۆ چەمکی ئازادی

(ئارێنت) دەڵێت: "ئازادی داردەیەک نییە لە داردەکانی ئیرادە، بەڵکو ئەوەی هەیە (ئازادیی سیاسی[*])یە"[1]. لەم سۆنگەیەوە (ئارێنت) درکی بەوە کرد کە تێگەیشتن لە ئازادی بەبێ گەڕانەوە بۆ

---

[1] المصطفى الشادلي، حنة أرندت ونقد التصور الفلسفي للحرية، مجلة نبيّن العدد ٧/٢٥، درسات وأبحاث، الدار البيضاء، المغرب، صيف ٢٠١٨، ص ٣٦.

[2] حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، مرجع سبق ذكره، ص١٤٠.

[3] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢-١٣.

* (ئازادیی سیاسی) شتێک نییە خۆی بەوە خەریک بکات ئایا مرۆڤ چ سروشتێکی هەیە؟ ناپرسێت ئایا مرۆڤ لەناو خۆیدا بوونەوەرێکی ئازادە یان نا؟ بەپێچەوانەوە ئازادی بە مانا سیاسییەکەی دەپرسێت: ئایا کۆمەڵگە بەو شێوەیە ڕێکخراوە بتوانێت یارمەتی مرۆڤ بدات ئازاد بێت، یاخود نەخێر؟ لێرە پرسیاری ئازادی پرسیارێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو ئازادی لێرەدا مانای ئازادیە لە کۆمەڵگەدا، لە پێکەوەبوون ولەگەڵ ئەویدی بووندا. بڕوانە: (مەریوان وریا قانیع، سیاسەت و دونیا، دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ٣٥-٣٦).

یۆنان و ڕۆمان شتێکی شیاو نانێت، چونکە پێیوابوو ئەوان باش لە تێگەی ئازادی تێگەیشتبوون لەو بارەوە کە "**واتای سیاسەت ئازادییە**"[٢]. ئەگەرچی ئەم واتایە لەگەڵ ئەو پێناسانەدا ناکۆکە کە تیۆرە نوێیەکان پێشکەشی دەکەن، سەبارەت بە پرسیاری سیاسەت چییە؟ بەتایبەت تیۆری لیبراڵیزم و مارکسیزم. (ئارێنت) دەڵێت: "سیاسەت شتێکە پەیوەندی بە ئازادییەوە هەیە، تەنیا بەو مانایەی کە ئامانجی ئازادییە، بەم مانایەش ئەگەر ئازادی ئامانجی سیاسەت بێت، ئەوا ئازادی لەو شوێنە دەست پێدەکات کە کردەی سیاسی دەوەستێ، ئەمەش نزیکە لەو واتایەی کە دروستکراوێک لەو چرکە ساتەوە دەست پێدەکات کە دروستکەر دوا کاری لەسەر دەکات، بەڵام ڕستەی "مانای سیاسەت ئازادیە" واتایەکی زۆر جیاواز دەگەیێنێ، بەوەی ئازادی چەمکێکە لە سیاسەت و چالاکییەکانیدا"[٣].

بەڕای (ئارێنت)، بەبێ ئازادی، ژیانی سیاسی بە مانای وشە مانایەکی نابێت، ئازادی ئەوپەڕی ئامانجی بوونی سیاسەتە و کردەش گۆڕەپانی پیادەکردنییەتی[٤]. و لەدەرەوەی ئەوەدا ناکرێت قسە لە ئازادی بکەین، لەڕاستیدا تێگەیشتنی (ئارێنت) لە ئازادی بەتەواوی پەیوەستە بە سیاسەت لە میانەی چەمکگەلێکی وەک؛ پانتایی گشتی، دەسەڵات، شار، گفتوگۆ، فرەیی و یەکسانی، هاوڵاتیبوون، شۆڕش؛ ئەمانەش هەموویان چەمکگەلێکن لەناو خۆیاندا بەناویەکداچوون و لە یەک خولگەدا دەخولێنەوە، ئەویش کردە (Action)یە، واتە ئازادی کردەیەکە لەناو پانتایی گشتیدا لە میانەی گفتوگۆ و ئاخەوتن لەنێوان تاکەکەسە یەکسانەکاندا بەدەست دەهێنرێت، بەو پێیەی هەر یەکێک مافی ئەوەی هەیە کە گوزارشت لە ڕای خۆی بکات[٥].

بە بۆچوونی (ئارێنت)، دەوڵەت- شارەکانی یۆنان نموونەی پانتایی کردەی گشتی و ئازادی بوون، ئازادی وەک دیاردەی سیاسی لەگەڵ سەرهەڵدان و درکەوتنی دەوڵەت- شارەکانی یۆنان لەدایکبوو، بەوەی لەو دۆخەدا کەس فەرمانی بەسەر کەسێکی تردا نەداوە و هەمووان بەشداربوون لە کاروباری گشتیدا، بۆیە لەوێدا پانتاییەکی گشتی هەبوو کە پانتایی کردەی ئازاد و گشتی بوو، کە جیاواز بوو لە پانتایی (ماڵ) وەک پانتایی تایبەت؛ بەڵکو ئازادەکان لە پانتایی گشتی ئاگۆڕا (Agora)دا لەگەڵ هاوڕێیانیاندا بەشداریان دەکرد لە کردەی سیاسیدا[٦]. بۆیە (ئارێنت) پێیوایە ئامانج لە شار خوڵقاندنی کەشێکە، کە ئازادی وەک لێهاتوویی هونەری بتوانێت تێیدا دەرکەوێت و بوونی خۆی بپارێزێت[٧]. بە

---

[١] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣.

[2] Hannah Arendt, The Promise of Politics, Edited and with Introduction by Jerome Kohn, Schocken Books, New York, 2005, p p.108,114.

[٣] حنة أرندت، ما السياسة؟، ت: د. زهير الخويلدي و سلمى بالحاج مبروك، دار الأمان/ منشورات الإختلاف/ منشورات ضفاف، الرباط/ الجزائر/ بيروت، ٢٠١٤، ص٢٥.

[٤] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

[٥] المصطفى الشادلي، حنة أرندت ونقد التصور الفلسفي للحرية، مجلة نبيِّن العدد ٧/٢٥، درسات وأبحاث، الدار البيضاء، المغرب، صيف ٢٠١٨، ص٣٧.

[٦] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، و: ناسر ئیبراهیم زادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣، ل ل١٧٦-١٧٧.

[٧] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٣٠-٣١.

بۆچوونی (ئارێنت) بۆئەوەی مرۆڤ ئازاد بێت، دەبێ خۆی لە پێویستییەکانی ژیان ڕزگار بکات، بۆیە ڕزگاربوونی پەتی پێویستی بە هاوڕێیەتی کەسانی دی هەیە کە لە هەمان حالەت دان، هەروەها بۆ یەکتربینین و جیهانێکی ڕێکخراوی سیاسی، پێویستی بە کەشێکی هاوبەش هەیە، کە مرۆڤی ئازاد بتوانێت خۆی بە وتە و کردە بسەلمێنێت[١]. کەواتە، ئەم تێڕوانینەی (ئارێنت) ئەوە دەگەیەنێت، کە ئەوانەی تەنها لە خەمی بژێویدان و بیر لە هیچی تر ناکەنەوە، ناتوانن سیاسەت ئەزموون بکەن و ببن بە شۆڕشگێڕ، ناتوانن بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری گشتی ولاتدا بکەن، چونکە سیاسەت جێگەی کەسانی ئازاد و بەرابەرە.

(ئارێنت) پێیوایە لە ئەزموونی (دەوڵەت- شار و کۆماری ڕۆمانیدا/٣٤٣-٢٨٢پ.ز)، هەموو هاوڵاتییەکی ئازاد دەیتوانی شتێکی نوێ بهێنێتە بوون، لەو ڕووەوە کە توانای لەسەر کردە و وتە و ئاخەوتن و کارلێککردنی لەگەڵ ئەوانی دی هەبێت لەهەمبەر پرسە گشتییەکانی کۆمەڵگەدا[٢]. کردەش بە بۆچوونی (ئارێنت) هاوواتایە لەگەڵ دۆخی فرەیی مرۆیی، چونکە مەرجی پێویستی تێکڕای ژیانی سیاسییە؛ ئەگەر کردە بە واتای هێنانی شتێکی نوێ و چاوەڕواننەکراو بێت بۆ جیهان، ئەوا کردە شتێک نییە بتوانرێت بەجیا لەوانی دی ئەنجام بدرێت، بەڵکو تەنیا دەتوانێت لە پانتاییەکدا بوونی هەبێت کە بە فرەیی دەناسرێتەوە، واتە ئەو واقیعییەتەیە کە مرۆڤەکان نەک مرۆڤ لەسەر زەوی دەژین[٣]. بۆیە لای (ئارێنت) ئازادیی سیاسی لە میانەی نواندنی کردە و وتەی تاکەکان لە دۆخێکی فرەیی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دێتەدی، ئەمەش لە خودی خۆیدا خوڵقاندنی پانتاییەکی گشتییە، پانتایی گشتیش لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا لە دوو ڕەهەندی جیاواز و پەیوەندیدار بەیەکەوە پێکدێت: یەکەمیان، (پانتایی دەرکەوتن- The space of appearance)ە، کە پانتایی ئازادیی و یەکسانیی سیاسییە، ئەم پانتاییە ئەو کاتە دێتەدی، کە هاوڵاتیان بەشێوەیەکی هەماهەنگ و بە کۆمەڵ، لە ڕێگەی قایلکردنەوە نەک توندوتیژی کردە دەنوێنن؛ دووەمیان، (جیهانی هاوبەش- Public realm)ە، کە (ئارێنت) وەک جیهانی هاوبەش و گشتی دامەزراوە و ڕیکخراوەکان وێنای دەکات، یەکەم پانتاییەک دەڕەخسێنێت کە هاوڵاتی تێیدا دەتوانێت دەربکەوێت و بکەر و شوناس و بۆچوونی خۆی بۆ ئەوانی دی ئاشکرا بکات و تێیدا گوزارشت لە ئازادیی سیاسی خۆی بکات، دووەم زەمینەیەکی پایەدار دەڕەخسێنێت، کە پانتاییە گشتییەکانی کردە و ڕاوێژ دەتوانن لێیەوە دروست بن[٤].

بە بۆچوونی (ئارێنت) لەوانەیە پانتایی دەرکەوتن لەناکاو دروست ببێت، وەک ئەوەی لە شۆڕشەکان دەیبینین، یاخود، لە ناخی ئەو هەوڵانەوە کە بۆ گۆڕینی یاسا یان سیاسەتێکی تایبەتی ئەنجام دەدرێت دەردەکەوێت؛ لە گردبوونەوەکانی شارەوە بگرە تا دەگاتە سەندیکاکانی کرێکاران، لە

[١] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.

[٢] المصطفى الشاذلي، مرجع سبق ذكره، ص ص٣٧-٣٨.

[3] Hannah Arendt, The Human Condition, Library of Congress Cataloging-publication Data, The University of Chicago press, 2nd ed, Chicago & London, 1998, p p. 7- 8.

[٤] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، و: کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥، ل ل٤٣، ١٠٦-١٠٧.

خۆپیشاندان و مانگرتنەکانەوە بگرە تا ئەو هەوڵانەی بۆ دادپەروەری و مافی یەکسانی دەدرێن[١]. هەرچی جیهانی هاوبەشە (ئارێنت) لە شێوەی (مێزێک) وێنای دەکات، بەوەی ئەم مێزە لەنێوان هەمووو ئەوانەدا هاوبەشە، کە لە دەوری دانیشتوون و کۆبوونەتەوە، واتە پانتاییەکە، کە هەم ئەوانەی لە دەوری دانیشتوون بەیەکەوەیان دەبەستێتەوە، هەم لەیەکتری جیایان دەکاتەوە و ڕێگە لە لێکترازانی مەودای نێوانیان دەگرێت؛ کەواتە، بە بۆچوونی (ئارێنت) جیهانیبوون واتە سیاسی بوون، سیاسی بوونیش بەڕای ئەو گرنگترین کردەی پراکتیکی مرۆڤە، کە بە تاکییەتی ئەو هەم بواری بەرجەستەبوونی دەدات و ئەگەری توندوتیژی کاڵ دەکاتەوە، هەمیش دەستەبەری ئازادیی سیاسی بۆ دەکات[٢]. بۆیە (ئارێنت) پێیوایە جیهان جەوهەری هەلومەرجی ئازادی مرۆیی پێکدێنی، کە توانا و هێزی لەسەر کۆبوونەوەی مرۆڤەکان وەستاوە و زەمینەیەک بۆ کارلێکردن و ئاڵوگۆڕی ڕاوبۆچوون و یەکسانیی سیاسی بۆ هەمووان فەراهەم دەکات، پرەنسیپی هاوبەش بەرجەستە دەبێت و دەبێت بە واقیع[٣]. ئەم واقیعەش لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا پانتایی ژیانی سیاسی و کەلتووری کۆمەڵگەیە؛ ئەو جێگەیەیە کە مرۆڤ دەتوانێت تێیدا شتێکی نوێ ببیستێت و خۆیشی شتێکی نوێ بڵێت و ئەنجامی بدات، وتەی نوێی گوێ لێبێت و وتەی نوێی هەبێت و کردەی نوێش ببینێت و ئەنجامی بدات[٤]. ئەمەش لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا کرۆکی ئازادی سیاسییە.

هەروەها بەڕای (ئارێنت) ئازادی لای ڕۆمانییەکان، هاوواتای کردەی دامەزراندن بووە، ئەو کردەیەی ڕۆمانی بنیادنا وەک سەرەتایەک بوو بۆ مێژووی دەوڵەتی ڕۆمانی، ئەمەش نموونەیەک بوو کە کردەی سیاسی لە کۆمەڵگەی ڕۆمانیدا بەدوای خۆیدا هێنا. لەڕاستیدا ئەم تێگەیشتنە بۆ ئازادی دژ دەوەستێتەوە لەگەڵ ئازادی بەواتای توانا لەسەر هەڵبژاردن و سەربەخۆیی خود، بەڵکو ئازادی وەک بەشداریکردنی کارا و بەردەوامی تاک لە دەسەڵاتی بەکۆمەڵ پێکدێت، واتا توانای تاک لە دانانی کاریگەری لەسەر ژیانی گشتی وەک بکەر (Subject) نەک شوێنکەوتە[٥].

کەواتە، لە ڕوانگەی (ئارێنت)ەوە، بەبێ ئازادی ژیانی سیاسی هیچ مانایەکی نابێت، بۆیە هۆکاری سەرەکی بوونی سیاسەت ئازادییە، و سیاسەت نوێنگە و پێگەی دەرکەوتنی ئازادییە[٦]. بەڵام (ئارێنت) جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە بەدڵنیاییەوە هەموو فۆرمەکانی پەیوەندیکردن و هەموو کۆمەڵگاکان بە ئازادی ناناسرێنەوە، ئازادی لەو شوێنەدا هەیە کە مرۆڤەکان پێکەوە دەژین، بێ ئەوەی دەستەیەکی سیاسی ئەوتۆ دروست بکەن کە کۆنترۆڵی کردە و ڕەفتاریان بکات، بۆیە کاتێک

---

[١] ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، فەلسەفەی هانا ئارێنت، و: ئارام محمود، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧، ل٥١.

[٢] هانا آرنت، انسان ها در عصر ظلمت، ت: مهدی خلجی، آموزشکده آنلاین توانا، بی جایی چاپ، ٢٠١٦،ص ص٢٢-٢٣.

[٣] محمد خضری اقدم وغیره، تبیین اصول تربیت شهروندی مبتنی بر فلسفه هانا آرنت،فصلنامه تعلیم وتربیت، شماره (١٢٤)، پروژشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی- پرتال جامع علوم انسانی، بی جایی چاپ، ١٨/ ٥/ ١٣٩٤، ص١٥.

[٤] مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦، ل ل٢٨٨-١٨٩.

[٥] المصطفی الشادلي، مرجع سبق ذکره، ص٣٨.

[٦] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٠.

ئەو جیهانەی مرۆڤ دروستی کردووە، نابێتە شوێنێک بۆ وتە و کردە، ئیدی ئازادی نابێتە واقیعێکی ماددی؛ (ئارێنت) نموونە بەو کۆمەڵگایانە دێنێتەوە، کە لەلایەن دیکتاتۆرەکانەوە فەرمانڕانی دەکرێن، کە تاکەکانی لەناو ماڵەکانیدا گۆشەگیر دەکرێن، ئەوەش دەرنەکەوتنی پانتایی گشتی لێدەکەوێتەوە؛ بەمەش ئازادی ناتوانێت ڕووی خۆی ئاشکرا بکات و ناوی واقیعێکی سیاسی لێبنرێت[١].

تەنانەت بە بۆچوونی (ئارێنت) هەندێک لە سیستمەکان، لە نموونەی: باڵایی تۆتالیتارییەت بەسەر مافی ئازادی لە سیاسەت و دانپێدانەنان بە مافە مەدەنییەکان، وامان لێدەکات نەک هەر گومان لە پەیوەندی نێوان سیاسەت و ئازادی بکەین، بەڵکو تەنانەت لە ڕاستی توانای سازانی نێوانیشیان بکەین[٢]. لێرەوە (ئارێنت) ڕەخنە لە هزرمەندانی "پەیمانی کۆمەڵایەتی" دەگرێت، بەوەی ئازادییان وەک ئامانجی سیاسەت داناوە، چونکە بەشێوەیەک لە دەوڵەتیان دەڕوانی تەنها هۆیەکە ئازادی تاکەکان دەستەبەر دەکات، واتە (ئازادی دەربڕین و بیرکردنەوە و ئازادی هاتووچۆ و ئازادی ئایین)، ئەمەش بە باوەڕی (ئارێنت) دانانی ئازادییە بە شتێک لە دەرەوەی سیاسەت، و دانانی وەک ئامانجێک کە هەوڵی بەدیهێنانی بدرێت نەک وەک کرۆک و ناوەڕۆکی سیاسەت[٣].

بۆ ئەمەش (ئارێنت) نموونە بە ( تۆماس هۆبز- ١٥٨٨-١٦٦٩) و (سپینۆزا١٦٣٢- ١٦٧٧) دێنێتەوە، بەوەی گرنگی دانیان بە بیرۆکەی ئازادی یەکسانە بە ئاسایشی- مرۆڤ و ڕزگاربوون لە توندوتیژی، نەک ئازادی سیاسی[٤]. لێرەدا ئازادی تەنیا ئامانجی ناسیاسیانەی سیاسەت نییە، بەڵکو تەنیا دیاردەیەکی لاوەکییە بەشێوەیەک ئەو سنوورە دەکێشێت کە پێویستە حکومەت تێنەپەڕێنێت، بۆیە (ئارێنت) بانگەشەی ئەوە دەکات تەنها لای ئەو ئازادی لە سیاسەت جیانەکراوەیە[٥]. کەواتە، ڕەنگە بکرێت بڵێین: کە مەبەستی (ئارێنت) لەمەدا ئەوە بێت، کە تیۆرە سیاسییە نوێیەکان، دوور کەوتوونەتەوە لە کردەی سیاسی، کە لای (ئارێنت) هاوواتای ئازادیی سیاسییە، بەڵکو ئەوەی پێوەری ئازادییە تەنها ڕەنج و بژێوییە. بەم شێوەیە تێگەیشتنی (ئارێنت) بۆ ئازادیی سیاسی و ڕۆڵەکانی سیاسەت جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ تێگەیشتنی تیۆر و زانستە کۆمەڵایەتییە باوەکانی مۆدێرنە هەیە، بەوەی لە ڕوانگەی ئەوانەوە ڕۆڵەکانی سیاسەت بریتین لە: دابینکردنی سەرچاوە و خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتیان، چارەسەرکردنی مژارەکان و پێکهێنانی ئاشتی و تەبایی کۆمەڵایەتی تاکەکان، پەروەردەی ئاکاری و مەدەنی و کاری لەو چەشنە؛ کە بە باوەڕی (ئارێنت) لە هەموو ئەو ڕوانگانەدا تاکەکان وەک بابەتی کردەی ئەکتەرە سیاسییەکان و قبوڵکەری ڕۆڵە بونیادییەکان سەیر دەکرێن، بۆیە بە ئابووریکردنی ژیانی سیاسی بووەتە بەتایبەتیبوونی ژیانی سیاسی؛ لە ئەنجامدا سەرجەم جڤاکە مۆدێرنەکان بوون بە کۆمەڵەی کرێکاران و فەرمانبەران. لەبەرامبەردا (ئارێنت) جەخت لەسەر مرۆڤ دەکاتەوە وەک بکەر و نوێنەری کردەی ئازاد نەک وەک بەرکار (Object)، بە بۆچوونی ناوبراو

[١] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠٧-٢٠٨.

[٢] هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧.

[٣] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٣٩.

[4] Mehmet Kanatli, Op.cit, p. 106.

[٥] حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، مرجع سبق ذكره، ص ص٢٠٩-٢١٠.

بەمەش جیاوازی کۆنی یۆنانی نێوان پانتایی تایبەتی و پانتایی گشتی لەناوچووە، چونکە بەڕای (ئارێنت) پێشتر کۆمەڵگە و ئابووری لە خزمەت سیاسەتدا بوون، بەڵام ئێستا سیاسەت دەکەوێتە خزمەت کۆمەڵگە و ئابوورییەوە[١]. چونکە پێیوایە تیۆری سیاسی هەر لەسەرەتای سەردەمی مۆدێرنەوە بەشێوەیەک بووە، کە سیاسەت تێیدا تەنها وەک پانتایی کردەی هێز و چینە کۆمەڵایەتییەکان سەیر دەکرێ، کە تێیدا مرۆڤ وەک بکەر هیچ پێگەیەکی نییە، تەنانەت سیستمە سیاسییە هاوچەرخەکانیش چ تۆتالیتاری یان ناتۆتالیتاری، چەمکی سیاسەتیان وەک پانتایی گشتی کردەی ئازاد لەناو بردووە و سیاسەتی خۆشگوزرانیان کردۆتە جێگرەوەی[٢].

لەم سۆنگەیەوە (ئارێنت) پێیوایە ئازادی لە تیۆرە لیبراڵییەکاندا، زیاتر بە واتای پاراستنی ژیانی تایبەتی لەبەرامبەر دەستوەردان و ناچاری خەڵکانی دیکە لێکدەدرێتەوە، واتە ڕزگاربوون لە دەسەڵات و هەژموونی زۆرەملێدا؛ ئەمەش لەگەڵ ڕوانگەی (ئارێنت) بۆ ئازادی تەواو جیاوازە، کە بە بەشداریکردن لە کاروباری گشتیدا پێناسە دەکرێت، چونکە ئازادی بەو واتایەی (ئارێنت) گوزارشتە لە ئازادی پۆزەتیڤ، کە شیانی بەشداری و کارکردنە لە دەرەوەی پانتایی تایبەتی و تاکەکەسیدا، لەکاتێکدا ئازادی نێگەتیڤ بەواتا لیبراڵییەکەی، بەرەهایی مانەوەیە لە چوارچێوەی تایبەتی و تاکەکەسیدا[٣]. کەواتە، مانا پۆزەتیڤەکەی ئازادی (ئارێنت) ڕووبەڕووی لێکدانەوەی تێگەیشتنی نێگەتیڤانەی ئازادی لە هزری کەسانێکی وەک (جۆن لۆک ١٦٣٢- ١٧٠٤) و (جۆن ستیوارت میل ١٨٠٦- ١٨٧٣) دەبێتەوە، لەو بابەتانەی کە جێ بایەخی ئەوان بوو، وەک؛ سەربەخۆیی پانتایی تایبەتی تاکەکەس، ئازادی مرۆڤ، دەستوەرنەدان لە کاروباری تاکەکەس، ئۆتۆنۆمی، خۆرێکخستن، و هەڵبژاردنی ئازاد لەناو شێوە جۆراوجۆرەکانی ژیان، هەموو ئەمانەش پەیوەستن بە پارێزگاریکردن لە ژیانی مرۆڤەکان وەک کرێکار و پاراستنیان لەبەرامبەر دەستدرێژی حکومەتدا، ئەمەش بە بۆچوونی (ئارێنت) واتای ڕزگاری دەگەیەنێت نەک ئازادی[٤].

کەواتە، ئەمەش مانای وایە، کە (ئارێنت) ئازادی لیبراڵیزم ڕەتدەکاتەوە، بەوەی لەبەرامبەر پانتایی گشتی داکۆکی لە پانتایی تایبەت دەکات، واتە نابێت حکومەت کاری بەسەر ئەوە بێت من چی دەخۆم و چی لەبەر دەکەم و چ کارێک دەکەم بۆ بژێوی ژیانی خۆم؛ (ئارێنت) پێیوایە ئەمە ڕزگارییە نەک ئازادی، چونکە پەیوەندی بە لایەنی ژینەکی مرۆڤەوە هەیە، واتە لایەنی ئاژەڵی مرۆڤ. بۆیە (ئارێنت) بانگەشەی ئەوە دەکات، کە جیاوازییەکی بنەڕەتی لەنێوان ئازادی و ڕزگاری لە ئارادایە: ڕزگاری ئاماژەیە بە ئازادکردنی مرۆڤ لە کۆت و بەندی سروشتی و لایەنەپەیوەندیدارەکانی، بەم واتایەش ڕزگاری تەنیا سەرەتای ئازادییە، نەک خودی ئازادی؛ هەروەها وێنا و تێگەیشتنی ئازادی لە ڕزگاری دەکرێ تەنیا وێنەیەکی نێگەتیڤ بێت[٥]. جیاوازیەکی تر ئەوەیە، مرۆڤی ڕزگاربوو لە کۆت و

---

[١] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٧-١٧٨.
[٢] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٧٨-١٧٩.
[٣] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، سەرچاوەی پێشوو، ل ل٢٥-٢٩.
[٤] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.
[٥] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

بەندی سروشت لە پێویستی کارکردن بۆ خۆبەخێوکردن ڕزگاری هاتووە، بەڵام ئازاد نییە، چونکە نەچۆتە ناو پانتایی گشتی؛ خاڵێکی دی ئەوەیە، کە مرۆڤی ڕزگاربوو لە دەست باڵادەستیی سروشت یان کۆیلەی حکومەتێکی ستەمگەر، بە مانای ئازادی ڕاستەقینە نییە، بۆیە ڕزگاری تەنها مەرجێکە بۆ ئازادی[(١)]. لەگەڵ ئەوەشدا (ئارێنت) پێیوایە (مۆنتسکیۆ١٦٨٩- ١٧٥٥) بەشێوەیەکی ڕوون جیاکاری لەنێوان ئازادی فەلسەفی و ئازادی سیاسی کردووە؛ بەوەی ڕایگەیاند، فەلسەفە لەوە زیاتر لە ئازادی داوا ناکات کە پیادەی ئیرادە بکات، ئیدی بەدەر لە هەلومەرج و سەربەخۆ لەوەی مرۆڤ ئەو ئامانجە بەدەست دەهێنێت یاخود نا کە ئیرادە دیاری کردووە. لەبەرامبەریشدا ئازادی سیاسی بەوە دەربڕی کە توانای کردەیەکت هەبێت کە مرۆڤ دەیەوێت بیکات[(٢)].

هەروەها (ئارێنت) لەبارەی ڕوانگەی تیۆری مارکسیزم بۆ ئازادی، ڕاستەوخۆ دیدی خۆی لە بارەی تیۆرسێنی ئەم ڕێبازە؛ (کارل مارکس١٨١٨- ١٨٨٣) دەخاتەڕوو و پێیوایە بەردەوام هەوڵیدەدا بەشێوەی چالاکی ئازاد لەسەر حسابی چالاکی سیاسی ڕاڤەی ڕەنج بکاتەوە[(٣)]. هەروەها دەکرێت ڕوانگەی (ئارێنت) سەبارەت بە گرێدانەوەی ئازادی بە بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و فەرمانڕانی نزیکایەتییەکی لەگەڵ ڕوانگەی (ئیدمۆند بێرک ١٧٢٩- ١٧٩٧) تیۆرسێنی پارێزگاران بۆ چەمکی ئازادی هەبێت، ئەویش لەو ڕایەڵە گشتییەوە، کە ئازادی تاک تەنها ئەوکاتە پارێزراو دەبێت کە پشکیان لە دەسەڵات هەبێت. هەروەک چۆن ڕەنگە هەمان شتیش لەگەڵ ڕوانگەی (جۆن ڕاوڵز١٩٢١- ٢٠٠٢) بەدی بکرێت، بەوەی بەپێی هەردوو پرەنسیپی دادپەروەری (ڕاوڵز) زۆرترین ئازادی یەکسان و مافی سیاسی و مەدەنی بۆ هەموان وەک یەک دەبینێ، بۆ ئەوانەی هەمان ئاستی بەهرە و توانا و خواستیان هەیە بەبێ ڕەچاوکردنی چینی کۆمەڵایەتی[(٤)].

کەواتە، لەوەی تا ئێستا باس کرا، ڕەنگە بشێت بگەین بەوەی، کە ئازادی لە تێگەیشتنی تیۆری سیاسی (ئارێنت)دا، گرێدراوی واتا و جەوهەری سیاسەتە و لە ڕێگەی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان و پێکەوەبوون و ئامادەبوونیان لە پانتایی گشتی و بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتی، خۆی لە کردە و چالاکیی سیاسی دەنوێنی، بەمەش بێبەشکردنی مرۆڤ لە کردەی سیاسی بێبەشبوونیانە لە ئازادی، و دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە سیاسەت لە دیدی (ئارێنت)دا، داشۆرینیەتی لە ماکی مرۆڤبوونی خۆی، مرۆڤ تەنیا ئەو کاتە ئازاد دەبێت کە کردەی سیاسی بنوێنێ؛ ئەمەش هەم ڕوانگەیەکی تەواو جیاوازە لە ڕوانگەی تێگەتیڤانەی لیبراڵیبراڵیزم، هەمیش جیاوازە لە ڕوانگەی ئازادیی یەکسانیی ئابووری تیۆری مارکسیزم.

---

(١) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨١.

(٢) هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٤-٤٥.

(٣) هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧.

(٤) جون رولز، العدالة كإنصاف- إعادة صياغة، ت: حيدر حاج إسماعيل، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩، ص ص١٤٩-١٥٠.

## باسی دووەم

## شۆڕش وەک کایەیەکی پیادەکردنی ئازادیی سیاسی لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا

ئەوەی (ئارێنت) لە کتێبەکەی (دەربارەی شۆڕش- في الثورة)دا کە لە ساڵی (١٩٦٣) بەچاپگەیەنراوە؛ دەیەوێت بەدوایدا بگەڕێت "ئازادیی سیاسییە" ئەویش لە میانەی شۆڕشەکانی سەدەی هەژدەهەمدا، بەتایبەت لە سۆنگەی شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەرەنسادا، بۆیە لێرەدا مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە، چڕبوونەوەیە لە (چەمکی شۆڕش[*])، تەنیا وەک دیاردەیەکی سیاسی لە ڕوانگەی (ئارێنت)دا، نەک وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئابووری، زانستی و تەکنەلۆجی...هتد. بۆیە ئەم باسە دابەش دەکەین بۆ دوو تەوەرە؛ لەتەوەرەی یەکەمدا، باس لە ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی دەکەین. لەتەوەرەی دووەمیشدا، شۆڕشی ئەمریکا و فەرەنسا لە دیدی (ئارێنت)دا دەخەینەڕوو.

### تەوەرەی یەکەم: ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لە سنووری فەرهەنگە سیاسییەکەیدا پێناسەی شۆڕش بکرێت و بە سادەییەوە بگوترێت: "شۆڕش ژێرەوژوورکردنی توندوتیژیانەی، یاخود ئاشتیئامێزانەی حکومەتی فەرمانڕانە و دانانی حکومەتێکی نوێیە لە جێگەکەیدا"[١]. (ئارێنت) بەرلەوەی پێناسەیەکی پوختی شۆڕشمان بۆ بکات، لەو پێتەوە دەست پێدەکات، کە جیاوازی لەنێوان جەنگ و شۆڕشدا هەیە، ئامانجی شۆڕش بە ئازادی دەزانێ و باوەڕی وایە کە جەنگ دیاردەیەکی کۆنە و لەگەڵ توندوتیژیدا هاوواتایە، هەرچی شۆڕشە دیاردەیەکی نوێیە و لەگەڵ ئازادیدا پەیوەندی هەیە[٢]. بەڵام لەگەڵ

---

[*] (چەمکی شۆڕش) لە زمانی کوردیدا، لە سایەی هزری چەپگەرایی مانای هاوچەرخەکەی خۆی وەرگرت لە بەرامبەر وشەی (الثورة)ی عەرەبی و (Revolution)ی ئینگلیزیدا. دژبەرییەکی زمانەوانی لەنێوان هەردوو چەمکی "کودەتا" و "شۆڕش"دا هەیە، چونکە تورکەکان و فارسەکان چەمکی (إنقلاب)ی عەرەبی بە واتای کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ دەربڕینی گۆڕانی ڕیشەیی و گواستنەوە لە دۆخێکەوە بۆ دۆخێکی دیکە بەکاردەهێنن؛ بۆ نموونە: دەوترێت، ئینقلابی دەستوری، واتە شۆڕشی دەستوری؛ هەروەها ئینقلابی ئیسلامی، واتە شۆڕشی ئیسلامی. لەکاتێکدا عەرەب ئەم چەمکە لە کودەتای سەربازیدا کورتدەکاتەوە، کە مانای ژێرەوژوورکردنی سیستمی فەرمانڕانی دەگەیەنێت، بەڵام مەبەست لە چەمکی شۆڕش بریتییە لە جوڵانەوەیەکی جەماوەری بەرفراوان لەدەرەوەی ئەو بونیادە دەستورییەی کە هەیە. بەم مانایەش، شۆڕش بریتییە لە جوڵانەوەیەک بۆ گۆڕینی ڕەوایی سیاسی فەرمانڕان. ئەم پێناسەیەش شۆڕش لە کودەتای سەربازی جیادەکاتەوە. جگە لەمە چەمکگەلێکی تی نزیک لە شۆڕش هەن، وەک (چاکسازی، یاخیبوون و ڕاپەڕین)؛ کە هەموویان دیاردەگەلێکی تێهەڵکێشن و دەشێت یەکێکیان ببێتەهۆی ڕوودانی ئەوی دیکە، لەوانەیە یاخیبوونێکی جەماوەری ببێتەهۆی ڕوودانی کودەتایەک لە سیستمێکدا، هەروەها دەشێت یاخیبوونێک ببێتەهۆی چاکسازی لە سیستمێکدا، یاخود بەپێچەوانەوە، نەبوونی چاکسازی ڕاستەقینە ڕەنگە سەربکێشێت بۆ یاخیبوون و ڕاپەڕین و دواجار ڕەنگە شۆڕشێک بخوڵقێنێت. بڕوانە: (عەزمی بەشارە، شۆڕشناسی: دەربارەی شۆڕش و شایستەیی بۆ شۆڕش، و: د.یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢، ل ل٨١-٩٢).

[١] وەرگیراوە لە: سەمەد زەنگەنە، کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەر شۆڕشدا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل٩٠.

[٢] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

ئەوەشدا، ئەوەش ناشارێتەوە، کە پاساوی جەنگ و توندوتیژییەکەی لە سەرەتای تاوانکاری مێژوویی مرۆییدا، پەیوەندی بە پرسی شۆڕشەوە هەیە، چونکە شۆڕشەکان ئەو تاکە ڕوداوە سیاسیانەن کە ڕاستەخۆ ڕووبەڕوومان دەبنەوە و بەشێوەیەک ناتوانین لێیان ڕابکەین؛ بۆیە (ئارێنت) دەگات بەوەی "کە شۆڕشەکان چەندە هەوڵی پێناسەکردنیان بدەین ئەوەنین، کە تەنیا گۆڕانگاری ئەبستراکت بن" چونکە شۆڕشە نوێیەکان بەهیچ شتێ بەشداری لەگەڵ ئەو ناکۆکییانەدا ناکەن کە لە مێژووی کۆنی ڕۆماندا بە "ناکۆکییە ئەهلییەکان" ناوبراوە، هەروەها ناتوانین شۆڕشەکان بە پێناسەی (ئەفلاتوون) بچوێنین بەوەی" شۆڕش وەرچەرخانێکی نیمچە سروشتییە لە فۆڕمێک لە فۆڕمەکانی حکومەت بۆ فۆڕمێکی دیکە، بەڵکو شۆڕش لەم سەردەمە نوێیەماندا بە نوێبوونەوە و دابڕان پەیوەستە کە مژدەی هێنانی شتێکی نوێی پێیە[1]. لێرەوە ئەو تێزەی (ئارێنت)، کە ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی ئاوێزان بووە و لەسەری بونیادنراوە، ڕەنگە لەم دێرەدا بەرجەستە بێت "کۆتایی یاخیبوون ڕزگاربوونە، لەکاتێدا کۆتایی شۆڕش دامەزراندنی ئازادییە-The end of rebellion is liberation, while the end of revolution is the foundation of freedom" بەڕای (ئارێنت) بەمەش زانای سیاسی لانی کەم دەزانێ چۆن خۆی لە هەڵەی ئەو مێژوونووسانە لابدا، کە قۆناخی یەکەم لەشێوەی توندوتیژی، یاخیبوون، ڕزگاری و ڕاپەڕین دژی ستەمگەری وێنا دەکەن، ئەوەش لەسەر حسابی قۆناخی دووەمی ئارامتر بۆ شۆڕش و دەستور، بۆیە ئەوان ناتوانن گوزارشت لە ڕوحیەتی شۆڕشی وڵات بکەن، چونکە ئەم گێڕانەوە ئازاربەخشانە ڕەنگە وا بکات شۆڕش لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لابدات و دووچاری پەرچەکردار بێتەوە و نەهێڵێت بەتەواوی بە ئامانج بگات[2]. ئەمەش مانای وایە ئامانجی ڕاستەقینەی شۆڕش هێنانەدی ئازادیە، نەک بە تەنها ڕزگاربوون لە ستەمگەری، هەروەها جیاوازی دانانە لەنێوان شۆڕش و یاخیبوون.

بەگشتی دەکرێت دوو توخمی سەرەکی بۆ ڕوحی شۆڕش لای (ئارێنت) دیاری بکەین، ئەوانیش[3]:

**یەکەم: دامەزراندنی دەستەیەکی سیاسی نوێ و پیادەکردنی ئازادی**؛ واتە کردەی شۆڕشگێڕانە، وەک کردەیەکی دامەزرێنەر تێدەکۆشێت کە ناوەندێکی نوێی حکومەتی بۆ پیادەکردنی ئازادیی سیاسی بونیاد بنێت. بەڵام نیگەرانی (ئارێنت) ئەوەیە کە زۆربەی کات لەنێوان بایەخدان و جەخت کردنەوە لەسەر توندوتیژی شۆڕشگێڕانە و ویستی ڕوحی شۆڕشگێڕان بۆ دامەزراندنی بونیادێکی جێگیر ڕەچاو ناکرێت؛ بۆیە پێیوایە ئەوەی شۆڕشێک لە ڕاپەڕین و کودەتا جیادەکاتەوە، ئامانجەکەیەتی، کە لە کردە بۆ ڕزگاری لەسەرترە و لە کۆتایدا بە بونیادنانی ئازادی کۆتایی پێدێت؛ لە دامەزراندنی ئازادیدا، دەستپێکێکی دووبارەی پرۆسەی سیاسی ومێژوویی خۆیی دەردەخات، کە سەرئەنجام بە پەسەندکردنی یاسایەکی بنەڕەتی (دەستور) لەلایەن هاوڵاتییانەوە و سەقامگیری دەوڵەتی کۆماری کۆتایی پێدێت.

**دووەم: ئەزموونی شۆڕشگێڕانە لە شۆڕشدا**؛ چونکە ئەزموون هۆشیاری ڕوح بەخشین بۆ

---

(1) Quoted rfom: Hannah Arendt, On Revolution, Viking press, New York, 1963, p p. 21-22.

(2) Ibid, p. 142.

(3) کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٦-٤٧، ٦٠.

نوێگەراییان پێ دەبەخشێت، بەڕای (ئارێنت) نە کۆمەڵانی خەڵک و نە شۆڕشـگێڕان نـاتوانن بە تەنیـا شۆڕشێک بڕەخسێنن، بەڵکو شۆڕش کاتێک ڕوودەدات کە شۆڕشـگێڕان درک بە کـات و هەلـومەرجی هەستیار بکەن، کە لەو کاتەدا کۆمەڵانی خەڵک ئامادەن، ڕووبەڕووی سیستمی دەسـەڵات ببـنەوە کە ڕەوایی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە؛ ئەمەش پێویستی بە هۆشیاریی شۆڕشگێڕان هەیە.

کە وابـوو، بەپێـی ئەم تێگەیشـتنەی (ئارێـنت) بـۆ شـۆڕش، ئەزمـوونی سـیاسی لەسـەر بنچیـنەی دررکردن بە دامەزراندنی ئازادی وەستاوە، نەک وڵامدانەوەی پرسیاری ناسیاسی، واتە پرسی کۆمەڵایەتی یاخود هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی دەسەڵات، چونکە پێیوایە دەبێت مەبەست لە هەرشۆڕشێک ئازادیی سیاسی و دامەزراندنی پانتاییەک بێت بۆ پیادەکردنی ئـازادیی سـیاسی؛ بـۆیە بەڕای (ئارێـنت) "وشـەی (شۆڕشگێڕ) تەنیا دەتوانرێـت بەسـەر ئەو شۆڕشـانەدا بچەسـپێ کە ئامانجیـان ئـازادییە- The word "revolutionary" can be applied only to revolutios whose aim is freedom"[1]. بـۆیە بە باوەڕی (ئارێنت) یەکێک لە کایە سەرەکییەکانی کردە لە پانتایی گشـتیدا، شۆڕشـە؛ و گـرنگترین ڕۆڵـی شۆڕشیش کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێیە لە مێژوودا، یاخود بەبێ دەستپێکی نوێ ڕۆحـی شـۆڕش هـیچ واتایەکی نابێت، هەروەها بانگەشەی ئەوە دەکـات چەمکـی نـوێی شـۆڕش لەو وێـنا داتـاشراوە جیـا نابێتەوە، کە ڕێبازی شۆڕش کۆتوپڕ لە نوێوە دەسـت پێـدەکات و داسـتانێکی تەواو نـوێ کە نە کەس پێشتر بیستوویەتی و نە کەس زانیویەتی بە زوویی دەست پێدەکات؛ بەو دەربڕینەش شۆڕش نوێنگەی ئازادیی سیاسی و مێـژووی مـرۆڤە، و هاوکـات (ئارێـنت) ئەو تیـۆرەش ڕەت دەکـاتەوە، کە مێـژوو بە پرۆسەیەکی بەردەوام و بێ دابڕان دەزانێ[2]. چونکە پێیوایە لە سایەی ئەم جۆرە تیۆرانەدا، شۆڕش لە ڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لادەدا، کاتێـک هەسـت بەخـۆی دەکـات تەنهـا ئـامرازێکە بـۆ وەدیهێنـانی داخوازی کۆمەڵایەتی و ئازادکردنی چینە هەژارەکان لە ستەمی کۆمەڵایەتی، و دووبارە دابەشکردنەوەی سامانەکانی کۆمەڵگە، بۆیە بەڕای (ئارێنت) شـیمانەکردنی ئـازادکردنی تاکەکـان لە پێویسـتی (هەژاری) ئـازادییە، لەکاتێکـدایە کە نـاکرێ کـۆمەڵگە بکەوێـتە نێـوان دوو پـاڕادۆکس (متناقضـین): ئـازادی و پێویستی. ئەوەی یەکەم ئازادی نییە تەنیا دەروازەیەکە بۆ ئازادی، چونکە ئازادی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەرجەسـتە دەبـێ، ئـازادی گفتوگـۆ و ئـاڵوگۆڕی ڕاوبۆچـوون و کـردەیە؛ هەڵەیە باوەڕمـان وابـێ کە پێداویستی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێ بۆ شۆڕش، چونکە پاڵنەری هەژاری چاوی لەسەر بەدیهێنانی ئازادی نییە، بەڵکو ئەوەی خەمی ئەوە خۆشگوزەرانییە؛ ئەمەش بە بۆچوونی (ئارێنت) دژبەر دەبێـت لەگەڵ ڕێڕەوی ڕاستەقینەی ئازادیی سیاسی و دامەزرانـدنی پانتـاییەک بـۆ پیـادەکردنی[3]. ئەمەش مانـای ئەوە دەگەیەنێت، تەنیا ئەو کەسانەی کە توانیویـانە خۆیـان لە پێداویسـتییە سروشـتییەکان ڕزگـار بـکەن، دەتوانن هەنگاو بەرەوە شۆڕش هەڵبگرن و ئامانجی وەدیهێنانی ئازادیی سیاسییان هەبێت.

بۆیە (ئارێنت) پێیـوایە تیـۆری شـۆڕشی (مـارکس)، دەرگیـری ئەو هەڵە گەورەیە بـووە لە هـزری شۆڕشدا؛ کاتێک (مارکس) هەژارانی هێنایە سەر ئەو باوەڕەی کە هەژاری دیـاردەیەکی سیاسـییە نەک

---

(1) Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 29.

(٢) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥.

(٣) المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٤٢.

سروشـتی، بەرهەمـی تونـدوتیژی و دەسـتدرێژییە نەک کەمـی و قـات و قـڕی، بەمەش لە ئاکامـدا سیاسەت و کردەی سیاسی تەنیا وەک سەرخانی پێویستی ئابووری سەیر دەکران. (ئارێنت) ئارگومێنتی ئەوە دەهێنێـتەوە، کە هزرەکـانی خـودی (مـارکس) لەو پەیوەنـدییەدا نـاکۆکن، چـونکە (مـارکس) لەلایەکەوە جەخـت دەکـاتە سـەر کـار و تێکۆشـان بـۆ ڕزگـاربوون لە دەسـت نەبـوونی و نەداری و لەلایەکی ترەوە هیـوادارە کە لە ئەنجامی ئەو ڕزگـاربوونەدا مـرۆڤ لە پانتـایی نیـاز و پێداویسـتییە سروشتییەکانەوە پێ بنێتە پانتایی ئازادیی سیاسییەوە[1].

(ئارێنـت) لە قوڵبـوونەوەی پەیوەنـدی نێـوان شـۆڕش و فەرمـانڕانیکردن، پەیـبردن بەوەی کە فۆڕمەکانی فەرمـانڕانیکردن پەیوەسـتن بە دابەشـکردنی سـامانەوە و گومـانکردن لەوەی کە دەسـەڵاتی سیاسی بە ئاسانی دوای دەسەڵاتی ئابووری دەکەوێ، واتە بەرژەوەندی دەشێ هێزی پاڵنەر بێ لە پشت نـاکۆکی سـیاسی بە هەمـوو فۆڕمەکـانییەوە، تەنهـا بە داهێنـانی (مـارکس) نـازانێ، بەڵکـو پێیـوایە مێژوویەکـی کـۆنتری هەیە، و دەکرێـت ڕیشـەکانی لە لێکـدانەوەی (ئەفلاتـوون) و (ئەرەسـتۆ) بـۆ فۆڕمەکانی فەرمانڕانی بدۆزینەوە، کاتێک ئەوەیان ئاشکراکرد کە ئەمرۆ پێی دەڵێین واقیعـی ئـابووری، واتە وەرگـۆڕانی حکـومەت لەلایەن دەوڵەمەنـدەکانەوە بـۆ دامەزرانـدنی حکـومەتێکی ئۆلیگـارشی لە کەمینەیەکـی سـوودمەنددا، یـاخود وەرگـۆڕانی حکـومەت لەلایەن هەژارەکـانەوە بـۆ دامەزرانـدنی دیموکراسی، ئەوەی ئاشکراکرد، کە ستەمکاران دەتوانن بە پاڵپشتی خەڵکـی سـاویلکە و هەژار بـگەنە دەسەڵات و هەلی هێشتنەوەی دەسەڵاتیان لە ئارەزووی خەڵکیدا ببیننەوە[2].

بۆیە (ئارێنت) دەگات بەوەی لە ئەمڕۆدا: "هیچ شـتێک هێنـدەی هەوڵـی ئـازادکردنی مـرۆڤ لە هەژاری بە ئـامرازی سـیاسی زەمەنی بەسـەردا تێنەپەڕیـوە، بەمەش هـیچ شـتێک نیـیە لەوە پـوچتر و بێهـودەتر و مەترسـیدارتر"[3]. چـونکە بەڕای (ئارێنـت) دەبێـتە هـۆی ئەوەی کە شـۆڕش لە ئامـانجی ڕاستەقینەی خۆی لابدات، واتە لە ئامانجی دامەزرانـدنی دەسـتپێکێکی نـوێ، بـۆ پیـادەکردنی ئـازادیی سـیاسی بە پاسـاوی ڕزگـارکردنی کـۆمەڵگە لە نەداری و چەوسـاندنەوە بەرەو تونـدوتیژی و جەنـگ دەڕوات. ڕەخـنەی تونـدی (ئارێنـت) لەم بـارەوە لە (مـارکس) ئەوەیە، کە ئـازادی وەک مەبەسـتی سەرەکی هەر شۆڕشێک دانەناوە، بەڵکـو سـەرکەوتنی شـۆڕشی بەسـتۆتەوە بە هێنـانەدی داخـوازییە کۆمەڵایەتییەکانی پرۆلیتاریا لە ڕێگەی دیکتـاتۆریەتییەکەی، کە وا دەکـات دەسـەڵات دەسـت بەسـەر دامەزراوەکانی دەوڵەتدا بگرێـت، بەوەی دەوڵەت تەنیـا دەزگـایەکە بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەنـدییەکانی چینی بۆرژوازی؛ دواتر گێڕانەوەی دەسەڵات بۆ چینی کرێکار، بەمەش دەستەبەری کۆمەڵگایەکی بـێ چین دەکات؛ بەڵام (ئارێنت) باوەڕی وایە لێرەدا شۆڕش لەگەڵ توندوتیژی دەرگیردەبێت، لەبەرئەوەی لەژێر باندۆری پێداویستیدایە، ئەویش چەوساندنەوەی کۆمەڵایەتییە کە کرێکاران توشی دەبن[4].

لە میانەی لێوردبوونەوەی لە کێشەی شۆڕش (ئارێنت) پەی بەوە برد، کە چەمکەکـان دووچـاری

---

[1] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٧-١٨٨.

[2] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 22.

[3] Ibid, p. 114.

[4] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص٤٣.

هەڵە تێگەیشتن هاتوون بەهۆی بێ ئاگایی لە مێژووی چەمکەکان، ئەمەش وای کردووە چەمکەکان مانای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست بدەن، بۆیە پێیوایە تێگەیشتن لە لابردنی هەڵە تێگەشتن دایە، چونکە هەڵەیە تێکەڵی بکەین لەنێوان ئەوەی کە تایبەتە و ئەوەش کە گشتییە، یاخود لەنێوان ئەوەی کە کۆمەڵایەتییە لەگەڵ ئەوەی کە سیاسییە، هەروەها لەنێوان پێویستی و ئازادیدا، بەشێوەیەک کە ناتوانرێ چەمکگەلێک کە تایبەتە بخرێنە ناو بواری گشتی، و بەپێچەوانەوەش؛ ئەمەش لای یۆنانییەکان درک پێکراو بووە، بەوەی درکەوتنی هاوڵاتی ئازاد بەرجەستە نابێت تەنها بە یەکلاکردنەوە نەبێت لەنێوان ئەوەی کە کۆمەڵاتی و سیاسییە[(١)].

کەواتە، ئەوەی (ئارێنت) لە تێزەکەیدا، بۆ ڕوحی شۆڕش، بانگەشەی بۆ دەکات ئەوەیە، کە شۆڕش کردەیەکی ئازادە، نەک کردەیەک بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە گرفتەکانی بژێوی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، بەڵکو ئامانجی سەرەکی هەوڵدانە بەرەو بونیادنانی دەستور و دەوڵەتەکان و دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ، کە تێیدا لە ڕێگەی دیالۆگ و ڕاوێژ ئازادیی سیاسی پیادە بکرێت، چونکە دەبێت بتوانێت پانتایی سیاسی ئازاد دامەزرێنێ، پانتاییەک کە هەمووان بە هەموو جیاوازییەکانیانەوە تێیدا یەکسان بن؛ بەدەر لەوە شۆڕش مانا سیاسییەکانی خۆی لەدەست دەدات، و ناتوانێت ئازادیی سیاسی بەدی بێنێ و لە ئازادی نێگەتیڤدا دەمێنێتەوە[(٢)]. بۆیە (ئارێنت) باوەڕی وایە، هەڵە تێگەیشتنی بنەڕەتی لە جیاوازینەکردن لەنێوان ڕزگاری و ئازادیدا شتێک نییە مەترسیدارتر بێت لە یاخیبوون و ڕزگارکردنێک، کە بەدوایاندا دەستورێک بۆ ئەو ئازادییە نەیەتە دی، چونکە (ئارێنت) لەسەر زاری (جۆن ئادمس١٧٣٥- ١٨٢٦)*، ئاماژە بەوە دەدات"کە نە ڕێسا ئاکارییەکان، نە دەوڵەمەندی، نە پرەنسیپە سەربازییەکان، نە هەموو ئەوانە بەیەکەوە بەبێ بوونی دەستورێک دەستەبەری ئازادی ناکەن" تەنانەت ئەگەر مرۆڤ بەرگری لەوەش بکات کە داوای یەکسانی شۆڕش لەگەڵ تێکۆشان بکات لەپێناوی ڕزگارییدا، لە جیاتی ئاوێتەبوونی شۆڕش بەدامەزراندنی ئازادیدا، ئەوا ئاستەنگی زیاتر و مەترسیدارتر دێنە ڕێگەی بونیادنانی دەستوری گەل، هەروەها (ئارێنت) جیاوازی لەنێوان دوو جۆر دەستور دەکات، ئەوانیش: دەستورێک کە کاری حکومەتە و دەستورێک کە کاری گەلە و بە هۆیەوە حکومەتی پێکهێناوە، بێگومان (ئارێنت) ئەوەی دووەمیان پەسەند دەکات، چونکە پێیوایە دەستور مافی گەلە تا لەڕێگەیەوە حکومەتێکی نوێ دامەزرێنێ، کە بتوانرێت بەهۆیەوە پیادەی ئازادیی سیاسی بکرێت، نەک دەستورێک کە حکومەت بەسەر خەڵکیدا بیسەپێنێ[(٣)].

---

(١) المرجع نفسه، ص ص٤٢-٤٣.

(2) Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p p. 139-140.

* (جۆن ئادەمس١٧٣٥- ١٨٢٦)، (ئادەمس) لە ویلایەتی ماساچۆستس یاریدەی نووسینی دەستووری ماساچۆستسیدا. پاشان لە ساڵی (١٧٨٧)، نوێنەرانی کۆنگرەی دەستووری لە فیلادلفیا چەندین بیرۆکە و دەربڕینیان لە دەستووری ئەو ویلایەتە و هی دیکە بەکارهێنا لە نووسینەوەی دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. بڕوانە: (کۆمەڵێک نووسەر، دەربارەی ئەمریکا: دەستووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و ڕاڤەکانی، و: حسەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٦).

(3) Ibid, p p. 141-142.

کەواتە، لەوەی تائێستا باس کرا ڕەنگە بکرێت بڵێین: کە (ئارێنت) لە تیۆرەکەیدا بۆ شۆڕش خۆی بەدوور دەگرێت لە پێویستی کۆمەڵایەتی، و نایەوێت وشەی شۆڕش تایبەت بکات بەو جوڵانەوانەی هەوڵ بۆ ڕزگاربوون لە هەژاری و ستەمی کۆمەڵایەتی دەدەن، و هەموو ئامانجێکیان لە بەختەوەری کۆمەڵایەتیدا دەبیننەوە، بەڵکو دەیەوێت پێمان بڵێت: کە شۆڕشگێران ئەوانەن کە پانتایی تایبەتیان تێپەڕاندووە و کۆت و بەندی کۆیلایەتی و توندوتیژیان پچڕاندووە، و خەمی ئەوان، بونیادنانی پانتاییەکی سیاسییە، پەنتاییەک کە ئەوان لە ستەمی نایەکسانیی سیاسی ئازاد بکات و تێیدا هاوڵاتییان بتوانن پیادەی ئازادیی سیاسییان بکەن؛ واتە دەبێت ئامانجی شۆڕشگێران بونیادنانی کیانێکی سیاسی نوێ بێت، کە تێیدا دەستور و حکومەتێک بێتەدی کە ڕەوایی لە خەڵکەوە وەرگرتبێت و بۆ خەڵک بێت، واتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوماری، کە مەبەستی سەرەکی هێنانەدی ئەو پانتاییە گشتییانە بێت کە بۆ بەشداری کردەی سیاسی پێویستن. ئەوەی لەمەوبەر تیشکی خرایە سەر، چەند ڕوانگەیەکی (ئارێنت) بوون لەبارەی ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاو بگرین، کە (ئارێنت) لە کتێبی شۆڕشی خۆیدا، زیاتر ڕوانگە و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر بەرئەنجامی شۆڕشی ئەمریکا و فەڕەنسا هەڵێنجاوە، ئەگەرچی ئاماژەیەکی کورتیش بە شۆڕشەکانی سەدەی بیستەم دەدات، بەڵام سەرەنجی خۆی لەسەر ئەو دوو شۆڕشە چڕدەکاتەوە، کە بۆتە هەوێنی ئیلهامەکانی لەمەڕ تیۆرەکەی بۆ شۆڕش. بۆیە ئێمەش تەوەرەی داهاتوو کە دوا بڕگەی ئەم توێژینەوەیە تایبەت دەکەین بەو دوو شۆڕشە.

**تەوەرەی دووەم: شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەڕەنسا لە دیدی (ئارێنت)دا**

بە بۆچوونی (ئارێنت) چەند ڕاستییەک هەن ئەوە دەگەیەنن، کە لە جیهانی کۆندا پیاوانێک هەبوون خەونیان بە ئازادییە گشتییەکانەوە دەبینی، لەکاتێدا لە جیهانی نوێدا پیاوانێک تامی بەختەوەری گشتییان دەچەشت، و ئەمەش چەند ڕاستییەک بوو بووە هۆی دەرکەوتنی بزوتنەوەی تازەگەری و گێڕانەوەی مافی ئازادییە کۆنەکان و پەرەسەندن بەرەو شۆڕش لەسەر هەردوولای زەریای ئەتلەسی. بەڕای (ئارێنت) بە چاوپۆشین دەربارەی ڕادەی ئەوەی بارودۆخ و ڕوداوەکان پێی گەیشتوون لە سەرکەوتن یان شکست، لە جیاکردنەوە لەنێوان ئەو دوو لایەنەدا؛ وەک پێشتر لە پەیوەندییان بە شۆڕشگێرانی فەڕەنسی، بەتایبەت ئەو ڕێککەوتنەی لەگەڵ یاساناس و شۆڕشگێڕی فەرەنسی (ڕۆبێسپیەر١٧٥٤- ١٧٩٤) کردییان، لە بارەی پابەندبوون بە ئامانجی کۆتایی شۆڕش؛ ئەویش بونیادنانی ئازادیە، کاری ڕاستەقینەی حکومەتی شۆڕشگێری؛ ئەویش دامەزراندنی کۆمارە، ئەمریکیەکان لەسەر هەمان ڕێڕەو مانەوە[1]. بۆیە (ئارێنت) لە لێکدانەوەی شۆڕشە نوێیەکاندا، گەیشت بەو ڕایەی کە شۆڕشی ئەمریکا لە ماوەی ساڵانی (١٧٧٥- ١٧٨٣)، سەرمەشقی هەموو شۆڕشەکانە، چونکە لەلایەکەوە هەژاری و پێویستی کۆمەڵایەتی هیچ کاریگەرییەکی بەسەر شۆڕشەوە نەبوو[2].

---

[1] Ibid, p. 142.
[2] Ibid, p. 23.

لەلایەکی ترەوە ڕوحی شۆڕشگێڕی ئەمریکا لە کردەی هۆشیارانە و ئازادانە لە دامەزراندنی کەش و پانتایی گشتی کردەی سیاسیدا گەیشتۆتە ئەوپەڕی خۆی؛ چونکە (ئارێنت) پێیوایە، شۆڕشی ئەمریکا شۆڕشێک بوو لە پانتایی کردەدا نەک لە پانتایی هەوڵدان بۆ بژێوی ژیان، بەوەی بونیادنەرانی کۆماری ئەمریکا خۆیان پێ ئامرازی هێزە سروشتییەکان نەبوو، بەڵکو خۆڕسک و ئازاد لە ڕێگەی دیالۆگی ئازاد و بڕیاردانەوە بونیادێکی نوێیان دروست کرد، بەڵام شۆڕشی ئەمریکا نموونەی دوویات نەبۆوە، لەبەرامبەردا شۆڕشی فەرەنسای (١٧٨٩- ١٧٩٩)، ئەزموونێکی تەواو جیاواز بوو، کە دواجار نەک لە پانتایی کردەی ئازاددا، بەڵکو لە پانتایی سروشت و هەوڵدان بۆ بژێوی ژیاندا خۆی بینییەوە، بەڵام دواتر ئەو ڕووداوە بوو بە مۆدێلی شۆڕشەکانی تر، چونکە لە پاش شۆڕشی فەرەنسا، ڕوانگەی تەکامولی مێژوویی سەریهەڵدا، کە تێیدا شۆڕشەکان وەک قۆناغە پێشبینی کراوەکانی پرۆسەی مێژوو هاتنە ئەژمار؛ بەمەش بەرزترین نوێنگەی کردەی ئازادی سیاسی تووشی داڕشتە تەکامولییەکانی مێژوو بوو(١).

بەڕای (ئارێنت) ئەگەرچی (ڕۆبێسپیەر) کاریگەربوو بە ڕێڕەوی شۆڕشی ئەمریکی و ئەو پەیمانەی لەنێوانیاندا هەبوو، کاتێک هەستا بە داڕشتنی بنەما بەناوبانگەکانی، واتە (بنەماکانی حکومەتی شۆڕشگێڕی)(٢). بەڵام بە بۆچوونی (ئارێنت) هەڵەی سەرەکی شۆڕشگێرانی فەرەنسا ئەوە بوو، کە نەیانتوانی یاسایەکی بنەڕەتی پتەو بۆ هەمیشە دابڕێژن و پەسەندی بکەن، چونکە یاسای بنەڕەتی ساڵی (١٧٩١)ی فەرەنسا لەو کاتەدا پەسەندکردنی لە کاغەزێکی دڕاو زیاتر نەبوو، کە بەردەوام بەناو و مەبەستی جۆراوجۆرەوە گۆڕانی بەسەردا دەهات، بەجۆرێک لە ئاکامدا ئەو یاسایەیان نەخستە خزمەت ئامانجەکانی شۆڕشەوە؛ بەم چەشنە ئازادییە تاکەکەسیی و سیاسییەکان لە بنەڕەتدا سەرکوت و بێدەنگ دەکران، سەرئەنجام هەرکە (ڕۆبێسپیەر) بەتەنیا خۆی دەسەڵاتی بەدەستەوە گرت، کۆمەڵەی یاسادانانی هەڵوەشاندەوە(٣).

بە دەربڕینێکی تر لە ڕوانگەی (ئارێنت)ەوە ڕێبەرانی شۆڕشی فەرەنسا سەرەتا وەک کەسانێکی ئازاد بە مانا پۆزەتیڤەکەی سەیری خۆیانیان دەکرد؛ و بە هیوای دامەزراندنی جیهانێکی نوێ بوون، بەڵام هەژاری و نایەکسانی کۆمەڵایەتی و زەرورەتی دابینکردنی بژێوی شۆڕشی تووشی سروشت لێدراوی کرد، بەمەش شۆڕش لە ڕێبازە سەرەکییەکەی لای دا، واتە ئامانجی شۆڕشی فەرەنسا دابین کردنی کردەی سیاسی ئازاد بوو لە پانتایی گشتیدا، بەڵام لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پرسی کۆمەڵایەتی و پێویستی دابین کردنی ژینەکی بەلاڕێدا چوو، و بەلای بەرجەستەکردنی ئازادی نێگەتیڤدا، بۆیە بەلای ڕزگارکردنی خەڵکی لە دەستی هەژاری و نەدارییدا شکایەوە و دواجار هەر بەو پاساوە دیکتاتۆرییەکی نوێی لێکەوتەوە، چونکە ئەوەی لای شۆڕشگێڕانی ئەمریکا وەک گەورەترین پایەی کردنەوەی حکومەتی نوێی کۆماری دەهاتە ژمار، واتە سوود وەرگرتن و فراوانکردنەوەی تیۆری لێک جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی (مۆنتسکیۆ) لە ڕێکخراوی سیاسی کۆمەڵگەدا، لای شۆڕشگێڕانی فەرەنسا

(١) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٥-١٨٦.

(2) Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 41.

(٣) کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

بـایەخێکی ئەوتـۆی پێـنەدرا[١]. واتە تیـۆری (مۆنتسـکیۆ)یان، وەک سـەرچاوەیەک بـۆ حکـومەت وەرنەگـرت، کە بـابەتی (بونیادنـانی ئـازادیی سـیاسی) تێـدا جێگیـر کرابـوو، بـۆیە یاسـای بنچینەیـی (Constitution)، لەم ڕێڕەوەدا هەموو ئاماژەکانی خۆی لەدەست دا، بەوەی کە پێویستە لە گۆڕەپانی سیاسیدا، هێز و ئازادی بەیەکەوە کۆبکاتەوە[٢].

لەبەرئەوە پێویستی کۆمەڵایەتی وایکرد کە بەشێکی زۆری خەڵک بە هانـای شـۆڕشی فەڕەنسـاوە بچن و بەرەوپێشی- بەرن و دواجـار بەرەو نەمانیـان بـرد، بەم شـێوەیە ڕزگـاریی بـوو بە جێگـرەوەی ئازادی، و ڕزگاربوون لە دەست ملهـوڕی سروشـت، هەڕەمەی تـوشی ملهـوڕی دەوڵەت کـرد، بەمەش سەرهەڵدانی هەڕەمەی هەژار لە شۆڕشی فەڕەنسادا ئەو شۆڕشەی کردە یەخسیری ملهوڕی سروشت و لە ئاکامدا ئازادی چووە ژێر باری پێویستی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت تێگەیشتن لە سیاسەت و کـردەی سیاسـیش بە مانـا دروسـتەکەی لە ڕزگـاربوون لە داوی پێویسـتی بژێـوی ژیـانەوە بەسـترا، و تێبینییە سیاسییەکانی پەیوەست بە ئازادی و شـێوازی حکـومەت لەژێـر بانـدۆری هەژاری و نەداریـدا بوون؛ و بەم پاساوەش توندوتیژی و بێدادی بوو بە دیاردەیەکی گشتگیر. (ئارێنت) لە زمانی (ئەلێکس دی تۆکڤێل١٨٠٥- ١٨٥٩)ەوە دەڵێت: "لەناو ئەو هەموو هەست و خرۆشانەی ڕێگەیـان بـۆ شـۆڕشی فەڕەنسا کردەوە، چێژی ئازادی گشتی بەر لە هەمووان تێداچوو"[٣].

بەڵام بەرای (ئارێنت) شۆڕشی ئەمریکا بەپێچەوانەی شۆڕشی فەڕەنسا تـوانی سـەربکەوێ، چـونکە ئەمریکا بەپێچەوانەی وڵاتان و شوێنەکانی دیکەی دنیا لەژێر نەفرەتی هەژاریدا نەیدەناڵاند، بەجۆرێک دامەزرێنەرانی کۆماری ئەمریکا گەورەترین دژواریی سەر ڕێگای خۆیان لەوەدا دەبینـی، کە زۆرینـەی خەڵک بەهۆی پێویستی دابەشبوونی کار لە نـاو کۆمەڵگـادا ڕاسـتەخۆ لە بەشـداری چالاکـانەی ژیـانی گشتی و سیاسی وڵاتدا وەلا دەنران[٤]. واتە بە بۆچوونی (ئارێنت) شۆڕشی ئەمریکـا لە وڵاتێکـدا ڕویـدا، هەم شتێک نەبوو دەربارەی ئاستەنگی هەژاری جەمـاوەری، هەمـیش لە ڕیزەکـانی گەلێکـی خـاوەن شـارەزایی فـروان بە خۆبەڕێـوەبەری (الحکـم الـذاتي) دەرکەوت؛ بـۆیە لە کـۆی ئەو بەخششـانەدا بەدڵنیاییەوە شۆڕش لە ناکۆکی لەگەڵ پاشایەتی پابەند (الملکیة المقیدة) سەریهەڵدا لە حکومەتێـک کە خاوەن پاشا و پەرلەمان بوو. لێرەوە (ئارێنـت) دەیەوێـت پـێمان بڵـێ: دانیشـتوانی کۆلۆنیاکـان پـێش بەریەککەوتن لەگەڵ ئینگلتەرا، لەشێوەی دەستەگەلی فەرمانڕانی خۆبەڕێـوەبەری ڕێکخرابـوون، بـۆیە وەک شۆڕشی فەڕەنسا، شۆڕش فڕێی نەدانە دنیای سروشتی[٥]. ئەمەش وا دەردەکەوێـت، لە ڕوانـگەی (ئارێنت)ەوە دەرگیربوون بە پێداویستی سروشتی نامان گەیەنێت بە کردەی سیاسیی ئازاد، مـانەوەی شۆڕش لەو چوارچێوەیەدا ئاکامەکەی بەدواداهاتنی ترس وتۆقاندن و دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریە، چونکە دەرچوون لە پانتایی تایبەت، دەبێتە پێشمەرجێک بۆ چوونە ناو پانتایی گشتی کردەی ئـازادانە، بـۆیە

[١] د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٦.
[٢] حنّة أرِندت، في الثورة، ت: عطا عبد الوهاب، المنظمة العربیة للترجمة، بیروت، ٢٠٠٨، ص٢١٣.
[٣] وەرگیراوە لە: د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٧.
[٤] کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٢.
[٥] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذکره، ص ص٢٢٥، ٢٣٦.

هەمان ڕێسا بەسەر شۆڕشیشدا دەچەسپێت، بەوەی کردەیەکە لە پانتایی گشتیدا وەدیدێت.

هەروەها (ئارێنت) ئاماژە بەوە دەکات، کە ڕاپەڕینی چەکداری کۆلۆنیاکان و ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ڕاستەخۆ هەڵگیرسانی پرۆسەی دەستوری بە دوادا هات لە هەر سێزدە ویلایەتەکەدا. (ئارێنت) لە سەر زاری (ئادەمس) دەڵێت: "بوار نەبوو بۆ پشوو وەرگرتن لەنێوان جەنگی ڕزگاری لەپێناو ئەو سەربەخۆیەی مەرجی ئازادی و پێکهێنانی وڵاتە یەکگرتووەکان بوو" بۆیە (ئارێنت) وای دەبینێ، سەرکەوتنی شۆڕشی ئەمریکا لەوەدایە، ڕاستەخۆ دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی، ئەمریکییەکان سەرقاڵی دامەزراندنی قەوارەی سیاسی نوێ و فۆڕمێکی نوێ لە فۆڕمەکانی حکومەت بوون، کە تێیدا ئازادیی سیاسی بێتەدی[١]. کە بە ڕای (ئارێنت) بەپێچەوانەی شۆڕشی فەرەنسا، شۆڕشی ئەمریکا دوای ئەوەی سەربەخۆیی خۆی لە بەریتانیا وەرگرت، خەڵاتی نووسینی دەستوری بەخۆوە بینی ، لەبەرئەوەی ئەمریکییەکان ماف و ئازادییەکانیان لەسەروو هەموو پرسێکی کۆمەڵایەتی دانا، بەمەش ئەمریکییەکان گرنگی تەواویان بە دامەزراندنی جیهانی سیاسەت و ئازادی دا[٢]. هەرچۆنێک بێت (ئارێنت) لە شۆڕشی ئەمریکادا نموونەیەک دەبینێ کە لەسەر پێناسەی خۆی بۆ شۆڕش دێتەوە، بەوەی دەسپێکێکی نوێیە، چونکە تەرخان نەبوو بۆ بەدیهێنانی بەختەوەری هەژارەکان و ڕزگارکردنیان لە داماوی کۆمەڵایەتی، بەڵکو ڕێڕەوی شۆڕشی ئەمریکی پابەند بوو بە دامەزراندنی ئازادی و بەرپاکردنی دامەزراوە سیاسییە هەمیشەییەکان و پیادەکردنی ئازادیی سیاسی بۆ تاکەکان لە کردە و قسەدا، واتە شۆڕشی ئەمریکای وەک بەرجەستەکردنی کۆمار و دامەزراندنی ئازادی دەبینێ، نەک وەک حەتمییەت (Determinist)ی پێویستی مێژوویی و نەک وەک هۆکاری پێویستی سروشتی، بەڵکو وەک تاکە هۆکارێکی مەبەستدار، ئەویش دامەزراندنی ئازادییە[٣].

لەم سۆنگەیەوە (ئارێنت) ئارگۆمێنتی ئەوەمان بۆ دێنێتەوە، کە نووسەرانی دەستوری ئەمریکی درکیان بەوە کرد، کە پێویستە لەسەریان سەرچاوەیەکی نوێ بۆ یاسا دابمەزرێنن و سیستمێکی نوێ بۆ دەسەڵات بونیادبنێن، بۆیە تەنها بە پوختەکردنی یاسا و دەسەڵات لە یەک سەرچاوەوە نەوەستان، بەڵکو بناغەی دەسەڵات بۆ ئەوان گەل بوو، سەرچاوەی یاساش دەستور بوو، کە لەشێوەی بەڵگەنامەیەکی نووسراودا هاتەدی[٤]. (ئارێنت) بانگەشەی ئەوە دەکات، ڕوحیەتی شۆڕشگێڕانە و تیۆرە سیاسییە فراوانە پێناسەکراوەکان و بیرکردنەوەی قوڵی باوکانی دامەزرێنەری ئەمریکا هەم تیۆرەکەی (مۆنتسکیۆ)یان بۆ جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتری بە گەورەترین داهێنان دانا و لە دامەزراندنی حکومەتی کۆماریدا جێگەیان کردەووە[٥]. هەمیش ئەزموونی ئەو ویلایەت و شارۆچکانەی لە سەردەمی کۆلۆنیاکاندا لە شێوەی کیانێکی خۆسەری پێکهاتبوون وەرگرت، کە هەر کیانێک بۆخۆی وڵات (commonwealth)ێک بوو، کە خاوەنی نوێنەری هەڵبژێردراوی خۆیان بوون و لەسەر پەیمان

---

[1] Quoted from: Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p p. 25,141.

[٢] جون ليتشه، خمسون مفكراً أساسياً معاصراً: من البنيوية إلى ما بعد الحداثة، ت: د. فاتن البستاني، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨، ص٣٧٤.

[٣] المصطفى الشادلي، مرجع سبق ذكره، ص ص٤٢-٤٣.

[٤] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص٢٢٥.

[5] Hannah Arendt, On Revolution, Op.cit, p. 24.

بەرامبەر بەیەکتری دامەزرابوون؛ ئەمە وێڕای داهێنانی گەورەی شۆڕشگێری (جەیمس مادیسۆن١٧٥٥-١٨٣٦)، کە بریتییە لە دۆزینەوەی پرەنسیپی فیدڕاڵی بۆ دامەزراندنی کۆمارەکان بە قەبارەی گەورە، ئیدی ئەو ئەزموونە بوو کە پیاوانی شۆڕشی ئاراستەکرد، ئەوان و ئەو گەلەی فێرکرد کە چۆن دامەزراوە فیدڕاڵییەکان لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتەکان دابمەزرێنن کە تیایاندا ئازادی بێتەدی[١]. ڕاستی ئەم بانگەشەیەی (ئارێنت) لەو وتەیەی (بنیامین فرانکلین١٧٠٦- ١٧٩٠)دا دەردەکەوێت، کاتێک لە ئاخەوتنێک لە ژێر ناوی (سازان)دا لە کۆنگرەی ئەمریکا تێدەکۆشا ناوەندگەرا و ئیتیک خوازەکان، هەروەها لیبراڵ و دەسەڵاتخوازەکان پێکەوە ئاشت بکاتەوە، دەڵێت: "من لەمێژە سەرقاڵی کارم و بە بیرکردنەوە و تێڕامانی قوڵ دەمەوێ ئەزموونی زۆر بەدەست بێنم هەتا بتوانم دەنگ و بیروڕاکانی خۆم و تەنانەت لەبارەی گرنگترین بابەتەکان بگۆڕم، ئەو ڕوانگانەی کە سەردەمانێ بە ڕاستم دەزانی و ئێستا ئیدی بە ڕاستیان نازانم... زۆرینەی مرۆڤەکان پێیانوایە ئەوان لەسەر هەقن و گەیشتوون بە هەقیقەت و لە هەر شوێنێک کە خەڵکی دیکە ڕوانگەیەکیان هەیە بە هەڵەی دەزانن"[٢].

بەکورتی: بە بۆچوونی (ئارێنت) جیاوازی سەرەکی نێوان شۆڕشی شکۆداری ئەمریکا و شۆڕشی شکستخواردووی فەرەنسا لەوە دایە؛ کە شۆڕشی یەکەم، شۆڕشێکی سیاسی بوو و پەیوەندی بە پرسی ئازادی و شێوازی حکومەتەوە هەبوو، بەڵام گرنگییەکەی هەر وەک گرنگی ڕووداوێکی لۆکاڵی مایەوە، لەکاتێکدا شۆڕشی دووەم، تێبینییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی دەخستە پێشەوەی پرسە سیاسییەکان و بەهۆی خواستی حەشامەت بۆ ڕزگار بوون لە دەست هەژاری و نەداری دیکتاتۆری لێکەوتەوە، بەڵام شۆڕشی فەرەنسا مێژووی جیهانی پێکهێنا، و لەژێر کاریگەری ئەو شۆڕشەدا هەموو شۆڕشەکان بەناوی ئازادی پۆزەتیڤەوە دەستیان پێکرد و تووشی چارەنووسێکی کارەساتبار هاتن، واتە دواجار دیکتاتۆری ترسناکیان لێکەوتەوە، چونکە بە باوەڕی (ئارێنت) حزبە سۆسیالیست و کۆمەنیستەکانیش گیرۆدەی تێبینییەکانی زەروورەتی سروشتی و حەتمییەتی مێژوویی و کۆمەڵگە بوون. لە بەرامبەردا ئەنجوومەنە کرێکارییەکان، کە نوێنگەی کردەی خۆڕسک و پانتایی گشتی و ئازادی بوون، لە هەموو شۆڕشەکاندا، هەر لە شۆڕشی فەرەنساوە بگرە تا شۆڕشی ڕووسیا، سەرکوت کران؛ (ئارێنت) بێگومان سیستمی ئەنجوومەنە گەلییەکانی پێ لە سیستمی حزبی باشترە، بەڵام پێیوایە، تەنانەت ئەو مێژوونووسانەی بە ئاشکرا لایەنگری شۆڕش بوون نەیانتوانیوە لەوە تێبگەن کە سیستمی ئەنجوومەنی بریتییە لە شێوازێکی نوێی حکومەت و پانتاییەکی گشتی نوێ بۆ پیادەکردنی ئازادی، چونکە ئەرکی سەرەکی ئەو ئەنجوومەنانە دەبێ ئەرکی سیاسی بێت نەک ئەرکی ئیداری و ئابووری[٣]. ئەمەش ئەو خاڵەیە کە (ئارێنت) لە ئەنارشیز جیادەکاتەوە، چونکە لای ئەوان ئەرکی ئەنجوومەنەکان ئابووری و داراییە، نەک سیاسی[٤].

---

[١] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص ص٢٤٢، ٢٥٤، ٢٥٦.

(٢) وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٤.

(٣) د. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، سەرچاوەی پێشوو، ل ل١٨٦، ١٨٨.

(٤) د. حسێن بەشیریە، بنەماکانی زانستی سیاسەت، چ٢، و: ئەبوبەکر کاروانی، دەزگار چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩، ل١٧٧.

واته بەڕای (ئارێنت) شۆڕشەکانی سەردەمی نوێ دوو جۆر سیستمی دیموکراسی بەرهەم هێنا: دیموکراسی حزبەکان و دیموکراسی ئەنجوومەنەکان. دیموکراسی حزبەکان؛ لەسەر بنەمای نوێنەرایەتی وەستاوە و پێیوایە زیاتر بەلای ئۆلیگارشیدا دەشکێتەوە، چونکە دەستەیەک کە لە پەرلەمان و دامەزراوە سیاسییەکاندا نوێنەرایەتی حزبەکانیان دەکەن زیاتر بیر لە پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە تاوەکو بەرژەوەندی گشتی و ئازادیی گشتی، لەگەڵ ئەوەشدا دان بەوەدا دەنێ کە سیستمی دوو حزبی لە ئەمریکا و بەریتانیا سەقامگیری بەدیهێناوە. بەڵام دیموکراسی ئەنجوومەنەکان؛ لەسەر بنەمای بەشداری ڕاستەوخۆی هەموو هاوڵاتیان وەستاوە لە چوارچێوەی بڕیارداندا، (ئارێنت) نموونە بە (ئەنجوومەنەکانی کۆمۆنەی پاریسی- (١٨٧١) کە پاشایەتییان ڕەتکردەوە و داکۆکیان لە فیدراڵی لیبراڵی کۆماری دەکرد، ئەنجوومەنەکانی شوباتی (١٩١٧) ڕووسیا و ئەنجوومەنە شارەوانییەکانی (١٩٥٦)ی ئەڵمانیا) دێنێتەوە. هەروەها پێوایە ئەنجوومەنەکان لە تەواوی شوێنەکاندا زیاتر لە حزبەکان گرنگیان بە بواری سیاسی داوە تاوەکو بواری کۆمەڵایەتی، لە ئێستاشدا ئەم شێوە ئەنجوومەنانە تایبەتمەندییەکانی لە سیستمە فیدراڵییەکاندا دەردەکەوێت، واتە پرەنسیپەکانی هاوپەیمانی لە نێوان یەکە سەربەخۆکاندا کە بە هەمان شێوەی ئەنجوومەنە سەرەتاییەکان دروست بوون، دەکرێت وەک شێوەیەکی نوێی کۆماری دابنرێن. بۆیە ئەگەر ئامانجی شۆڕش دامەزراندنی ئازادی بێت ئەوا ئەو سیستمە ئەنجوومەنییە دەتوانێت دەستەبەری بەشداری ڕاستەخۆ لە دەسەڵاتی گشتیدا بۆ هاوڵاتییان بکات، چونکە (ئارێنت) پێیوایە تەنیا شارەکان دەتوانن زەمینەی کاری سیاسی دەستەبەر بکەن[1]. بۆیە (ئارێنت) دەڵێت: "بۆ ئەوەی وەها سیستمێک بخرێتەڕوو، دەبێ پێکهاتە و سیستمە فیدراڵییەکان بەهێز بکرێن، چونکە هەر جۆرە ناوەندێتییەک، ڕێڕەوی سیاسەتی سەرەکی دەگۆڕێ بۆ سیاسەتی ئاسایشی و بەمەش بەر بە بەشداری هاوبەشیی سیاسی خەڵک دەگیرێ کە لە دەسەڵاتی گشیدا پشکیان هەبێت"[2].

لە کۆتایی ئەم تەوەرەیەدا، دەشێت بگەین بەو دەرئەنجامەی، ئەوەی (ئارێنت) لە بەرباسی شۆڕشی ئەمریکا و شۆڕشی فەرەنسا دەیخاتەڕوو ئەوەیە، کە شۆڕشی ئەمریکا بەو پێودانگانە دەبینێ کە خۆی لە تیۆرەکەیدا بۆ ڕۆحی شۆڕش و ئامانجەکەی بنیادی ناوە؛ بەوەی شۆڕشی ئەمریکا توانی دەسپێکێکی نوێ بهێنێتەدی، کە پیادەکردنی ئازادیی سیاسی و دامەزراندنی کۆماری لێکەوتەوە لە شێوەی حکومەتێکی فیدراڵیدا، لەکاتێکدا شۆڕشی فەرەنسا نەیتوانی ئەو ئامانجانە بەدی بێنێ کە لە پێناویدا سەری هەڵدا، بەوەی شۆڕش لە هەوڵدان بۆ دامەزراندنی ئازادی پۆزەتیڤ و بونیادنانی کۆمار گۆڕا بۆ تێکۆشان بۆ ڕزگارکردنی هەرەمە لە پێویستی هەژاری، و لە ئازادی نێگەتیڤدا گیری خوارد، دواجار توندوتیژی و دیکتاتۆری لێکەوتەوە.

---

[1] حنّة أرِندت، في الثورة، المرجع سبق ذكره، ص ص٩٤-٩٥، ٣٩١، ٣٩٣.

[2] وەرگیراوە لە: کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا (ئارێنت)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦١.

## دەرئەنجام

لە کۆتایدا پشت بەست بەوەی باس کراوە، دەکرێت گرنگترین دەرئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە چەند خاڵێکدا کورت بکەینەوە:

١- بەڕای (ئارێنت) ئازادیی فەلسەفی لەناو ئیرادەی خود بەسەر کردەکانیدا بەند دەکرێت، بەمەش ئازادیی ئیرادە لەسەر ڕەتکردنەوە یان سەلماندن لە بازنەی ناوەکی تاک دەرناچێت، و لە شێوەی جیهانێکی خودی دابڕاو لە هەر کارلێکێک لەگەڵ ئەوانی دیکەدا و ڕاکردن لە جیهانی سیاسی دەمێنێتەوە، بۆیە پێیوایە ئازادیی فەلسەفی تەنیا ئازادییەکی میتافیزیکییە.

٢- (ئارێنت) پێیوایە سیاسەت ئازادییە، ئازادیش ئەوپەڕی ئامانجی بوونی سیاسەتە، کردەی سیاسیش پانتایی پیادەکرنیەتی، واتە گەیشتن بە ئازادیی سیاسی لە ڕێگەی بەستنی پەیوەندی و نواندنی کردە و گفتوگۆ و ڕاگۆڕینەوە لەسەر پرسە گشتییەکان لەنێوان تاکە یەکسانەکاندا بەدیدێت، ئەمەش کاتێک ڕوودەدات کە تاکەکان بتوانن پانتایی تایبەت تێپەڕینن و پێکەوە پانتایی گشتی کردە و وتە دروست بکەن، بۆیە ئازادیی سیاسی، چونکە کردە لە دۆخی فرەیی مرۆیی بەدیدێت، بەوەی هەر یەکێک مافی ئەوەی هەیە گوزارشت لە ڕای خۆی بکات.

٣- بە بۆچوونی (ئارێنت) دەوڵەت- شارەکانی یۆنان و کۆمارەکانی ڕۆمانی کۆن نموونەی پانتایی گشتی دەرکەوتنی ئازادی بوون، چونکە ئەزموونێکی سیاسی وایان بەرجەستە کرد، کە خۆی لە گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی جیاوازی بیروڕا و بەشداریی سیاسی تاکەکان سەبارەت بە کاروباری گشتی بەشێوەیەکی یەکسان دەبینییەوە، بەڵام لە سەردەمی مۆدێرنەدا پێداویستییە تایبەتی و ئابوورییەکان، ئەو پانتاییەیان داگیر کردووە.

٤- (ئارێنت) ڕای وایە، ئازادی لیبراڵی ئازادییەکی تاکەکەسییە، و گوزارشتە لە پاراستنی ژیانی تایبەتی تاک لەبەرامبەر دەستێوەردانی کەسانی دیکە، ئەمەش بە واتای ئازادیی سیاسی نییە، بەڵکو ئازادی نێگەتیڤە، واتە لە چوارچێوەی پێداویستی تاکەکەسیدا دەمێنێتەوە.

٥- (ئارێنت) پێیوایە شۆڕش کردەیەکی ئازادە، نەک کردەیەک بۆ ڕزگارکردنی تاکەکان لە گرفتەکانی بژێوی و پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆیە ڕوحی شۆڕش و ئامانجەکەی بونیادنانی دەستور و ناوەندێکی حکومەتی نوێیە، واتە دامەزراندنی کایەیەک، کە تێیدا لە ڕێگەی گفتوگۆ و ئاڵوگۆڕی ڕا جیاوازەکان و بەشداری تاکەکان لە کاروباری گشتیدا پیادەی ئازادیی سیاسی بکرێت؛ چونکە بەبێ هێنانەبوونی پانتایی و دەسپێکێکی نوێ، کە هەمووان بە هەموو جیاوازییەکانییانەوە تێیدا یەکسان بن شۆڕش هیچ واتایەکی نابێت.

٦- بەپێی تێگەیشتنی (ئارێنت) شۆڕش نابێت کۆمەڵگا بخاتە نێوان پاڕادۆکسی ئازادی و پێویستی، چونکە هەر شۆڕشێک تووشی تێبینییە سروشتی و کۆمەڵایەتییەکان بێت، پێچەوانەی ڕێڕەوی دامەزراندنی کایەیەک بۆ پیادەکردنی ئازادیی سیاسی دەبێت.

٧- بەڕای (ئارێنت) شۆڕشی ئەمریکا شۆڕشێکی سیاسی بوو، چونکە پەیوەست بوو بە دامەزراندنی حکومەتێکی کۆماری فیدڕالی، و هێنانەدی پانتاییەکی گشتی بۆ پیادەکردنی ئازادیی سیاسی، لەکاتێکدا شۆڕشی فەرەنسا بەرەو شۆڕشێکی ناسیاسی شکایەوە، چونکە شۆڕشگێرانی فەرەنسا نەیان توانی

یاسایەکی بنەڕەتی و دامەزراوەی حکومەتی کۆماری بنیاد بنێن، بۆیە شۆڕش لە ئامانجی ئازادی پۆزەتیڤ وەرگۆڕا بۆ ڕزگارکردنی حەشامەت لە هەژاری و پێداویستی کۆمەڵایەتی، و لە ئاکامدا بونیادێکی دیکتاتۆری لێکەوتەوە.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم/ سەرچاوە کوردییەکان:**

**أ. کتێبە کوردییەکان:**

١. سەمەد زەنگەنە، کاریگەری مافە سروشتییەکان لەسەر شۆڕشدا، مەکتەبی بیر و هۆشیاری (ی.ن.ک)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢. عەزمی بەشارە، شۆڕشناسی: دەربارەی شۆڕش و شایستەیی بۆ شۆڕش، و: د. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٢.
٣. مەریوان وریا قانیع، سیاسەت و دونیا، دەزگای ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی ئاوێنە، سلێمانی، ٢٠١٢.
٤. مەریوان وریا قانیع، مرۆڤ و کەرامەت، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٦.

**ب. کتێبە بەکوردیکراوەکان:**

١. حسێن بەشیریە، بنەماکانی زانستی سیاسەت، چ٢، و: ئەبوبەکر کاروانی، دەزگار چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٠٩.
٢. حسێن بەشیریە، مێژووی بیری سیاسی سەدەی بیستەم، ب٢، و: ناسر ئیبراهیم زادە، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، هەولێر، ٢٠١٣.
٣. کۆمەڵێک نووسەر، دەربارەی ئەمریکا: دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و سەرنج و ڕاڤەکانی، و: حسەسەن حسێن و سەلام عەبدولکەریم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١٠.
٤. کۆمەڵێک نووسەر، ئاشنابوون بە هانا ئارێنت، و: کۆمەڵێک نووسەر، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠١٥.
٥. ماوریزیۆ پاسرین دێنترێڤیسی، فەلسەفەی هانا ئارێنت، و: ئارام محمود، دەزگای ئایدیا بۆ فکر و لێکۆڵینەوە، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٧.
٦. هانا (ئارێنت)، ئازادی چییە؟، و: حەمە ڕەشید، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپخانەی سەردەم، سلێمانی، ٢٠١٥.

**دووەم/ سەرچاوە عەرەبییەکان:**

**أ. کتێبە عەرەبییەکان:**

١. جون رولز، العدالة كإنصاف- إعادة صياغة، ت: حيدر حاج إسماعيل، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٩.
٢. جون ليتشه، خمسون مفكراً أساسياً معاصراً: من البنيوية إلى ما بعد الحداثة، ت: د. فاتن البستاني، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، ٢٠٠٨.
٣. الزواوي بغوره، الشمولية والحرية، دار سؤال للنشر/ دار صوفيا، بيروت/ الكويت، ٢٠١٨.

**ب. کتێبە بەعەرەبیکراوەکان:**

١. حنّة آرندت، بين الماضي والمستقبل: (ستة بحوث في الفكر السياسي)، ت: عبدالرحمن بنشاق، جداول للنشر والترجمة والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٤.

٢. حنّة آرندت، حياة العقل، ج٢، ت: نادرة السنوسي، دار الروافد الثقافية، ابن النديم للنشر والتوزيع، بيروت- لبنان، ٢٠١٧.

٣. حنّة أرندت، في الثورة، ت: عطا عبد الوهاب، المنظمة العربية للترجمة، بيروت، ٢٠٠٨.

٤. حنة أرندت، ما السياسة؟، ت: د. زهير الخويلدي و سلمى بالحاج مبروك، دار الأمان/ منشورات الإختلاف/ منشورات ضفاف، الرباط/ الجزائر/ بيروت، ٢٠١٤.

**ت. لێکۆڵینەوە بە زمانی عەرەبی:**

١. المصطفى الشادلي، حنة أرندت ونقد التصور الفلسفي للحرية، مجلة نبيِّن العدد ٧/٢٥، درسات وأبحاث، الدار البيضاء، المغرب، صيف ٢٠١٨.

**سییەم/ سەرچاوە فارسییەکان:**

**أ. کتێبە بەفارسیکراوەکان:**

١. هانا آرنت، انسان ها در عصر ظلمت، ت: مهدی خلجی، آموزشکده آنلاین توانا، بێ جایی چاپ، ٢٠١٦.

ب. گۆڤارە فارسییەکان:

١. محمد خضری اقدم و غیره، تبیین اصول تربیت شهروندی مبتنی بر فلسفه هانا آرنت، فصلنامه تعلیم و تربیت، شماره (١٢٤)، پروژشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی- پرتال جامع علوم انسانی، بێ جایی چاپ، ١٨/ ٥/ ١٣٩٤.

**چوارەم/ سەرچاوە ئینگلیزییەکان:**

**أ. کتێبە ئینگلیزییەکان:**

1. Hannah Arendt, On Revolution, Viking press, New York, 1963.

2. Hannah Arendt, The Human Condition, Library of Congress Cataloging-publication Data, The University of Chicago press, 2nd ed, Chicago & London, 1998.

3. Hannah Arendt, The Promise of Politics, Edited and with Introduction by Jerome Kohn, Schocken Books, New York, 2005.

**ب. توێژینەوە ئینگلیزییەکان:**

1. Ilya Winham, Rereading Hannah Arendt's "What is Freedom?": Freedom as a Phenomenon of Political Virtuosity, A Journal of Social and political theory, Vol. 59, No 131, Berghahn Books, without copyrighting place, June 2012.

2. Mehmet Kanatli, the concept of freedom in Hannah Arendt's political thought, Journal of Current Research on Social Sciences, Valume: 7, Issue: 2, Without Copyrighting place, Year: 2017.